# نووسینەوەی دڕک

چیرۆک

ئارام کاکەی فەلاح

# نووسینەوەی دڕک

2007

نووسەر: ئارام کاکەی فەلاح
ناوی کتێب: نووسینەوەی درِک
بابەت: چیرۆک
فۆتۆ: ئاوێر
دیزاینی بەرگ:
شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژنامەی ئاوێنە / سلێمانی
ساڵی چاپکردن: چاپی یەکەم 2007
تیراژ:3000
ژمارەی سپاردن لە سوید: **ISBN 978-91-628-7321-9**
ژمارەی سپاردن لە کوردستان:

بۆ دایکم،

با ئەم کتێبەم وەفای کوڕێک بێ بۆ یادی دایکی،

سوپاس بۆ تۆ کە هەمیشە چیرۆکەکانی منت دەخوێندەوە.

## پێشەکی

ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی بەر دەستان ، هەر تەواو ئەزموونێکی تازەی منە و لەو چاوپێکەوتنەمدا بە ڕوونی باسی لە دایک بوونی ئەم ئەزموونەم دەکەم . بۆیە حەزم کرد ئەم کتێبە تەنها ئەم چیرۆکانە بگرێتە خۆی کە مەبەستمە و ئەو چاوپێکەوتنەش کە برای چیرۆکنووس ( توانا ئەمین ) لە گەڵما کردبووی .پێم خۆش بوو ئەو سێ چیرۆکەی یەکەم پێکەوە و یەک لە دوای یەک بێن ، چونکە هەرسێکیان یەک چیرۆکن و لە هەمان کاتیشدا سێ چیرۆکی جیاواز. (غەریب ڕیکۆرد) بە شێوەیەکی بەرفراوان خوێندرایەوە و پێشوازی لێ کرا. زۆر لە هاوڕێیان و خوێنەران ئێستاش پێیان وایە کە ئەم چیرۆکە هەر تەواو نەبووە و من لەوەدا لەگەڵیانا تەبام. والێرەدا بەشێکی تری (سێیەم)ی دەخوێننەوە. گەر بەشی تری لە دوا بێ نازانم و ناتوانم پەیمان بە کەس بدەم.

له دایک بوونی ئەم ئەزموونە، هەر تەواو لەگەڵ گۆڕانی تێڕوانینی مندایە بۆ چیرۆکی کوردی . بەڵام لەم پێشەکییە کورتەدا نامەوێ باسی وردەکارییەکانی ئەم ئەزموونەم بکەم چونکە کەم و زۆر لەو چاوپێکەوتنەمدا باسم کردووە .دوا جار پێم خۆشە لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە من لە هەندێ شوێندا دەستکارییەکی کەمی هەندێ وشەم کردووە ، وشەیەک لێرە و وشەیەک لەوێ. جا چونکە من خۆم ئەم جارەیان چیرۆکەکانی خۆم تایپ کرد، جا بە دڵی خۆم کردم و هێندە ڕقم لە نووسینەوەیانە، دڵم شەقی دەبرد شتم نەگۆڕیبایە. بە تایبەتی چیرۆکی یەکەم (نووسینەوەی دڕک) لە کاتی خۆیدا کە بڵاوکرایەوە، چەند هەڵەیەکی چاپی تێکەوت و غەمێکی زۆری خستە دڵمەوە. هیوادارم ئەم جارەیان باشم نووسیبێتنەوە .

ئارام کاکەی فەلاح

کۆتایی ئاب 2007

**چیرۆکنووسی ئێمە پێویستی بەهێزێکی سیحرییە تا لەو فرمێسکە ڕووت و پاڵەوانە چەقیوانە ڕزگاری بێت**

سازکردنی: توانا ئەمین

**توانا ئەمین:** پێتانوایە نووسینی چیرۆک توانای ڕزگارکردنی بابەت و کارەساتی هەیە لەفەوتان؟ خەمی چیرۆک هەر ئەوەندەیە؟ ئەگەر ئەدەب ئەمە نەکات، جگە لەمێژوو هێزێکی تر هەیە ئەمەی پێبکرێت؟

**ئارام کاکەی فەلاح:** چیرۆک و مێژوو دوو سیمای جیاوازی کارەساتەکان و بابەتەکان ئەنووسنەوە. مێژوو دێ و هەندێ ڕوداو بابەتی سەرکەوتن و ژێرکەوتنمان بۆ ئەنووسێتەوەو ئەیکاتە دۆکۆمێنت، بەڵام گەر چیرۆک هەمان شتی وای کرد لە هونەری خۆی ئەکەوێت. چیرۆک کاری بەسەر دۆکۆمێنت کردنی ڕووداوەکانەوە نییە، بەبڕوای من چیرۆک زیاتر خەریکی بەدۆکۆمێنتکردنی (یادەوەرییە)، من لێرەدا پێم باشترە یادەوەری بەکار بێنم چونکە لە هەناوی یادەوەریدا هەم مێژوو و ئەگەرەکانی مێژوو ئامادەن و هەم ئەگەرەکانی فەنتازییایەک کەهەوڵی گۆڕینی ئەو کارەسات و ڕوداوانە ئەدات و نایەڵێ بەو زەقییە دەرکەون و بێنە مەیدان و کەمێک جوانیان ئەکات و دەرگا و ئاسۆی تریان بۆ ئەکاتەوە. چیرۆک خەمی زۆرە، یەکێ لەوانە ئەوەیە کە چیرۆک دێ پێمان ئەڵێ هێندە بە مێژوو و ئامارەکانی مەخەڵەتێن چونکە ڕووداوەکانی ناو مێژوو کەسانێک ئەینووسنەوە کە هێزێکی سیاسییان لەپشتەوەیە و جەبر و بەرژەوەندییەکی تایبەتی ئەیانجوڵێنێ بەڵام ڕووداوەکان لە چیرۆکدا ئەبێ کەسانێک وێنای بکەن کە پڕن لەجوانی و فەنتازییا. ئەوەشت

بیر نەچێ کەسەیر کردنی کورد بۆ مێژوو و ڕووداوەکانی ناوی هەمیشە سەیرکردنێک بووە بۆ سیمای خوێناوی خۆی، بۆ ژێرکەوتنەکانی و چەوساندنەوەی لەلایەن دراوسێ دڵڕەقەکانییەوە، ئەو هەموو شەڕ و پێکدادانە لە مێژووی ئێمەدا نایەڵن مێژوو بە جۆرێکی تر ببینین و بینووسینەوە، لەهەمان کاتیشدا ڕێگرێک بووە لەبەر دەم نووسەرانا بە جۆرێکی تر وێنای بکەن. کەچی ئەبینی بیریاران و نووسەرانی ئەوروپا زۆریان ڕۆژ بەڕۆژ بەسەر مێژووی خۆیاندا ئەچنەوەو دەمێکە بۆیان دەرکەوتووە کە نووسینەوەی مێژوو بەبێ ئەو ڕووداوانەی ناو ئەدەب و فەنتازیای ئەدەب نووسینەوەیەکی نووقسانە، تەنانەت هەندێ لەبیریارانی سەرکەوتنەکانیان بەهیچ لەقەڵەم ئەدەن و لەو بڕوایەدان کە سەرکەوتنێک لەسەر ئێسک و پرووسکی مرۆڤەکان بینا کرابێ شتێ نییە مایەی شانازی مرۆڤی سەر ئەم زەوییە بێ. بەڵام ئیتر ئەمەکاتێکی زۆری ئەوێ تا لای ئێمە ماناکانی بگۆردرێت چونکە ئێمەتا ئێستاش برینەکانمان سارێژ نەبوون، بۆ دراوسێ دڵڕەقەکانیشمان دیسان کاتێکی زۆری ئەوێ تا بەمێژووی خۆیاندا بچنەوە.

**توانا ئەمین:** چۆن سەیری توانستی چیرۆک نووسی کورد دەکەیت؟ قەرزار نین لەئاست ڕوداوی زۆر گەورە؟ کوا ئێمە ڕۆمانێک، دوو نۆڤلێت، چوار چیرۆکمان هەیە لەسەر شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق؟ ئەمە

لەکاتێکدا بەشێکی زۆری خێڵی ئەدیبانی ئێمە ئەو ڕۆژانە سەربازی ئەو جەنگە بوون؟

**ئارام کاکەی فەلاح:** من ئەتوانم بێ دوودڵی یەکسەر بە نەخێر وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. نەخێر نووسەرانی ئێمە قەرزار نین لەئاست شەڕی عێراق و ئێران کەبۆچی ڕۆمانێک یان چەند چیرۆکێکمان بۆ ئەو شەرە درێژە هەشت ساڵییە نییەو زۆر بڕواشم بەوە نییە کە زۆربەی ئەدیبانی ئێمە سەربازی ئەو جەنگە بووبن، هەندێکی کەم سەربازیش بووبێ سەربازێکی ڕاستەقینە نەبووە و بە دڵ شەڕی نەکردووە و هەمیشە خەونی بە مۆڵەت وەرگرتنێکەوە بینیووە تا ڕا بکات و خۆی لێ بدزێتەوە. لە ڕاستیدا لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا هێزێکی سەیر هەبوو کەقەت بڕوای بەوە نەبووە کە ئەو شەڕە شەڕی کوردە و ئەبێ بیکات، ئەمە شەڕێک بوو کەبوو بوو بەتووش مرۆڤی کوردەوە و تێی کەوتبوو، کورد پێش ئەو شەڕەبەدرێژایی مێژوو خەباتی ئەکرد بۆ مانەوە، شەڕێکی خوێناویتر لە یادەوەریماندا هەبوو بۆیە کەس نەهات بیکاتە شەڕی خۆی. نووسەرانی کوردیش نەهاتن بیکەن بەبابەتی ئەفراندن ڕەنگە ئەمە بۆ نووسەرێکی عەرەبی عێراقی یان ئێرانی زیاتر جێگای تێڕامان بێ، لەلای خۆشمان چەند چیرۆکێک نووسران بە دڵم نەبوون، بەڵام چیرۆکێکی قازی ڕەبیحاوی، نووسەری گەورەی ئێرانیم خوێندەوە بەناوی چاڵ کە لە1982 دا نووسیبووی، هەتا بڵێی سەرسام بووم بە جوانییەکەی.

**توانا ئەمین:** چیرۆکی کوردی لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە نوێبونەوەی بەخۆیەوە بینی ئەم گۆڕانە لەزمان، ڕووداو، گرێچنی، بابەت، دواجار فۆرم، لەنەوەدەکاندا چووە لووتکە، ئەوەی جێی سەرنجە هەموو ئەم گۆڕانانە لەئاست فرۆش و خوێندنەوەی چیرۆکدا کورتی هێنا، ئێوە پێتان وایە ئەو فیراقەی نێوان خەڵکی ئێمەو چیرۆک پەیوەندی بە چیرۆکنووسانەوە هەیە؟ یان نەخێر بۆخۆی ئەدەب هی نوخبە و چیرۆک نوخبەویترینیانە؟

**ئارام کاکەی فەلاح:** جارێ با لەوێوەدەست پێ بکەم کە ئەڵێت چیرۆکی کوردی خوێنەری نییە، ڕاست ئەکەیت ئێمە خوێنەرمان نییە بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کەخەڵکی تاقەتی خوێندنەوەیان نییە یان تەمەڵن و شتی لەو بابەتەیان کتێب و ڕوژنامە و گۆڤار ناکرن، نا بەبڕوای من لەبەر ئەمانە نییە، لەڕاستیدا ئێمە خوێنەرمان نییە لەبەر ئەوەی کە چیرۆکی باشمان نییە، زۆربەی زۆری چیرۆکی کوردی هێندە خراپە کە شایانی ئەوە نییە بخوێنرێتەوە. من ئێستا لەو بڕوایەدام کە خۆێنەرمان نەبێ هی ئەوەیە کە دەقی چیرۆکی جوانمان نییە. با هەندێ نووسەیش گلەیی لەوە بکەن کە خوێنەر لە چیرۆکەکانیان ناگات، بەبڕوای من هەڵەیە داوا لە خوێنەران بکەین لە فێڵەکانی نووسین و نهێنییەکانی چنین و جوانییەکانی بیناکردن و بەرهەمهێنانی مانا و بەکارهێنانی تەکنیک بگەن، هیچ چیرۆکنووسێکی جیهانی هەڵەی وا ناکات شتی وا داوا بکات،

بێگومان ئەم قسەیە تەوس و تەعلیق نییە لە کەس یان وا تێنەگەن کە من لەگەڵ نووسینی سادەدا بم بۆ خوێنەر، نەخێر، بەڵام دواجار ئێمەی نووسەر کە بمانەوێ بەسەربەستی و بەدڵی خۆمان بنووسین، ئەبێ هەمان ماف بدەینە خوێنەر ئەویش سەربەست بێ لە خوێندنەوەی، سەربەست بێ لەوەی بە دڵی بێ یان نا، گەر خوێنەر چیرۆکێکی وا نەبینێ کە چێژی لێ وەرگرێ، خەون و فەنتازیاکانی، ئازاییەکانی، ئازارەکانی، زەردەخەنە و یادەوەرییە شیرین و تاڵەکانی لەپاڵەوانەکاندا نەبینێتەوە، چی بکرێ و چی بخوێنێتەوە پێم ناڵێی؟ بۆ نوێ بوونەوەی چیرۆکی کوردیش لەناوەڕاستی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا، من وای نابینم کەئەو گۆڕانە گەورەیەی بەسەرا هاتبێ، ئێمە زۆرمان هەر درێژەمان بەو فرمێسک و پرسەیە دا کە لە نەوەکانی پێش خۆمانەوە بۆمان مابۆوە، لێرەوە نووسەری ئێمە پێویستی بەهێزێکی سیحرییە لەو فرمێسکە ڕووتانە و ئەو شین و ڕۆڕۆیە و ئەو پاڵەوانە چەقیوانە ڕزگاری بێ، چونکە بە هەموو مێژووی ئێمەوە لکاوە، من لە لای خۆمەوە پێش نووسینی چیرۆکی ( نووسینەوەی درک) و (ئەو پیاوەی بوو بەبەرد) دوو ساڵ لە نووسینی چیرۆک وەستام، وەستام و سەرلەنوێ کەوتمەوە خوێندنەوەیەکی قووڵی سەرتاپای چیرۆکی کوردی، هەر لەچیرۆکەکانی وەک(لەخەوما)، کۆمەڵەی (کوێرەوەری)، (شەبەنگەبەڕۆژ)، (دڵداری و پەیمان)و (پێکەنینی گەدا)و (لێوی ئاگرین)ەوەتا (گەلەگوورگ)و کۆمەڵەی (تەنیایی)و (پیرەپەپوولەکانی ئێواران)و (دووربین)و (سێبەری ئەسپەشێ)و زۆربەی زۆری چیرۆکی نەوەی نەوەدەکان،

سەیرم کرد چیرۆکی کوردی هەتا بڵێی غەمگین و بێڕەنگە، پڕە لە فرمێسک و پاڵەوانێ کە تەواو تەسلیمی چارەنووسی خۆیانن و چەقیون لەناو ڕووداوەکاندا. هەندێ لەو چیرۆکانەی کە لە هەشتاکاندا پێیان سەرسام بووم ئێستا هەست ئەکەم بەو شێوەیە بۆم ناخوێندرێنەوە. بێگومان هەندێ چیرۆک هەن کەژیانی واقعی دەرەوە وزەیەکی سیحری و سەرسوڕهێنەری پێ ئەبەخشن و جوانی ئەکەن، نموونەش لەوانە هەردوو چیرۆکی(دووربین)و (دیدەنی)، من لێرەدا هەرچەندە ئەوەم لەبەرچاوە کە لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە لەو کاتەدا ژیانی نووسەر ئەکەوتە مەترسییەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە جوانی چیرۆک ئەوە نییە لە دەرەوەڕا بۆی بێ، بەڵکو تێکستی جوان ئەو تێکستەیە کە دەرەوەی خۆی جوان ئەکات. هەر وەک مۆمێک بەوەوە جوانە کە تیشک و ڕوناکی ئەبەخشێتە دەرەوەی خۆی، تێکستی جوانیش ئەبێ ئەو خەمەی هەبێ. دەق ئەو دەقەیە کە دەرەوە دەوڵەمەندی ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرەوەی خۆی دەوڵەمەند ئەکات و ڕەهەندی بیرکردنەوەی تر و دەرگای تر ئەکاتەوە، چونکە هەچ چیرۆکێک کە جوانی لە دەرەوەی خۆی مژی ئەوا دوای نەمانی ئەو دەوروبەرە ئیدی چیرۆکەکە ئەو وزەو سیحرو جوانییەی نامێنێ، من ئێستا دوای زیاتر لە بیست ساڵ جارێکی تر دووربینم خوێندەوە، دیدەنیم خوێندەوە، سەیرم کرد نە دووربین لام ئەو چیرۆکەی جارانەو نە(خاوەر)ی دیدەنیش ئەمگرێنێ، سەیرم کرد چیرۆکەکانی کۆمەڵەی(تەنیایی)

جگەلەکۆمەڵێک پاڵەوان کە لە گریان زیاتر هیچی تریان پێ نییە بیدەنە خوێنەر و دەرەوەی خۆیان، فرمێسکێک کە هیچ شتێ ناخەنە سەر ئەم دونییایە و پاڵەوانێکن کە بەتەواوی تەسلیمی چارەنووسی ڕەشی خۆیانن، هەر تەواو وەک ئێمەی گەنجی ئەوسا. هیچ جیاوازییەکم لە نێوان ئێمە و پاڵەوانەکانی (تەنیایی) دا نەبینی. ئەو چیرۆکانە کۆپی کردنی ئێمەبوون بۆ ناو لاپەڕەکان، بەڵام ئەو نووسەرە ئازیزانە چونکە نووسەرێکی بەتوانا بوون، ئەو کۆپیانەش کۆپییەکی چاک بوون، من ئەو دوو نووسەرەم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، چونکە دوو نووسەری چاکی ئێمەن و کارێکی زۆریان هەبوو لەسەر نەوەی تازە، بۆیە چ کۆپی کردنی واقع و چ چاوانی تەڕ و پڕ فرمێسک و پاڵەوانی تێک شکاو لای نەوەی ئێمە هەر ماوەو نەبۆتە پرسیارێکی گەورەو جدی، بۆیە بڕوا ناکەم وەک تۆ ئەڵی چووبێتە لووتکە، کەمێ گۆڕان لە فۆڕم و بابەتدا نایباتە لووتکە، کوا تەکنیک؟ کوا گێرانەوەو چیرۆک؟ سەیرکردنیشمان بۆ زمان کوا گۆڕاوە؟ لە ڕاستیدا مەسەلەی زمان لەناو چیرۆکدا هێندە زل کراوە کە هەموو لایەنەکانی تری چنین و تەکنیک و بابەتی کردۆتە پەراوێزەوە، زمانێکی جوان و پاراو لای ئێمە زمانێکی ئینشاییە کە بستێک بڕ ناکات و هەر بۆ بەیانی بیر ئەچێتەوە، زمانی پاراو لەوێوە سەرچاوە وەرئەگرێ کەنووسەر بێ و لەڕستەکانیدا وشەی وا بەکاربهێنێت کە کەم کەس لەماناکانی ئەگات و لەشوێنێ، لە لایێیەک، لە کونجێکی کوردستانا بەکار ئەهێنرێ کە زۆربەی خەڵکی شار نەیانبیستووە، جا هەندێ نووسەر دێن و ئەم جۆرە وشانە ئەخەنە ناو

نووسینەکەیانەوە و ناتەواوی چیرۆکەکانی خۆیانی پێ ئەشارنەوە. لەجیاتی ئەوەی تەکنیکێکی تازەو سەرنجڕاکێش بەکاربێنن، دێن و چەند وشەیەکی لەو بابەتە دەئاخنە ڕستەکانیانەوە و خوێنەری پێ چەواشە ئەکەن، لە ڕاستیدا ئەم سەیرکردنەی ئێمەش بۆ زمان مێژووییەکی دێرین و خوێناوی لەهەناو خۆیدا هەڵگرتووە، پاراستن و مانەوەی زمانی کوردی و شەڕی نووسەرەکانی لەگەڵ دوژمنەکانیدا کە ئەیانەوێ بیسڕنەوە، من لێرەدا پێم باشترە سەرپێییانە قسە نەکەم و لە سیاق و رەوتی مێژوویی خۆیدا باسی بکەم بۆ ئەوەی نەکەومە هەڵەوە، گومانی تیا نییە کە نووسین بە کوردی ڕۆژێ لەڕۆژان، وەک شتێکی پیرۆز سەیر کراوە، وەک تفەنگێک کە کەسێک هەڵیئەگرێت و پارێزگاری لەمانەوەی خۆی و نەتەوەکەی ئەکات و دژ بە دوژمنەکانی ئەجەنگێ، جەنگێ کە نووسەرانی بەقەڵەم شەڕیان کرد و هێندە درێژەیان پێ دا و هێندە کاغەزیان پێ ڕەش کردەوە کە ناخۆش بوو، بە جۆرێ کە نایانەوێ لەوە بگەن کە ئێستا ئەم تێروانینە بۆ زمان گۆڕاوە و ئەوان نەیانەوێ لەوە بگەن و نایانەوی بگۆڕدرێ. لە ڕاستیدا جوانی زمان لەو مانایانەوە دێ کە دێرەکان لە هەناوی خۆیاندا هەڵیئەگرن و دروستی ئەکەن و ئەیبەخشنە دەرەوە، ئاسۆی تر و مانای تری پێ ئەدۆزنەوە و لە ڕووحماندا ماوەیەکی زیاتر ئەیەێڵنەوە.

ئەم گفتوگۆیە لەژمارە(6) رۆژنامەی رۆژنامەدا بلاَوکراوەتەوە.

12-7-2007

# نووسینەوەی دڕک

من ناوم غەریبە، غەریب ڕیکۆرد. ڕەنگبێ پێتان خۆش بێ بزانن ئەم ناوەی من بۆ وا غەریب و سەیرە و لە کوێوە هاتووە. لە ڕاستیدا ئەمە نازناوی منە و ماوەی بیست ساڵێکە وای لێ هاتووە، دەنا پێش ئەوە نازناوم ( خەریک ڕیکۆرد ) بوو ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ، جارێک لە جارەکان خەریک بوو ڕیکۆرێک بشکێنم و نەیانهێشت، خەریک بوو ناوم هەر ئەوسا بچێتە دەفتەری ڕیکۆردەوە، کە بۆ من و هاوڕێکانم و زۆر کەسی تریش هەموو دونیا بوو . بە تێپەر بوونی ڕۆژگار و گاڵتەو سوعبەتی هاوڕێکانم ، نازناوەکەم گۆڕانی بە سەردا هات و وەک هەندێ لە وشەکانی زمان سواو بۆ ئاسان کردن شێوەی دەم و چاومی وەرگرت و لە خەریکەوە بوو بە غەریب. لێتان ناشارمەوە هەر لە ناو ئەو پرۆسەیەدا بۆ ماوەکی کەم پێش ئەوەی ببم بە غەریب،

لە خەریکەوە بوو بووم بە فەریک و بە قەدەر ئەم دونیایەم پێ ناخۆش بوو کە وایان پێ دەووتم ، چونکە فەریکە نۆکم بیر دەکەوتەوە، فەریکە نۆکیش لای من گوڵەبەڕۆژەی لێ دەرچێ ، شەرمنترین و هەژارترین خواردنی دونیایە ، باش

بوو ڕۆمانی پاریسی ، ئەو هاوڕێیەی ئەم چیرۆکەی بۆ دەنێرم ، هەر زوو فریام کەوت و وای کرد بیم بە غەریب، ئێستا من لە نازناوەکەی خۆم ڕازیم و تا سەر ئێسقان هەست دەکەم غەریبم، بە تایبەتی دوای ئەوەی هاوڕێکانم جێیان هێشتم و بە تەنیا مامەوە، یان گێژەڵووکەی مەرگ بردنی یان لافاوی بێرەحمی زەمانە بە تەڕی دووری خستنەوە، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە وەستانی زۆری من لە سەر نازناوەکەم پەیوەندییەکی تەواوی بەم چیرۆکەی من و هاوڕێکانمەوە هەیە ، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵ دەدەم بینووسمەوە و بە زووترین کات بینێرم بۆ ڕۆمانی هاوڕێم کە هەر لە منداڵییەوە حەزی دەکرد ژیان لە پاریس بباتە سەر ، ئەویش لە لای خۆیەوە بیداتە دەست تۆی خوێنەری ئازیز، تۆیەک کە کلیلێکم بۆ بێنیتەوە .کلیلێک کە پاریسی پێت دەدا و نابێت بە هیچ شێوەیەک ون بێت.
جا تکایە ئەم چیرۆکە باش بخوێنەوە بۆئەوەی ئەو کلیلە بگەێنیتە دەستم . چونکە ڕۆمان بە قسەی خۆی دوو جاری تر دابووی بە خەڵکانی جیاواز ــ جیاواز، ئەوانەی سەردانی کوردستان دەکەنەوە، هەر شەو لە کاتی شپرزەیی جانتا ئامادەکردندا دوو جاران کلیلەکەیان ون کردبوو بە زەحمەت دۆزرابووەوە، بۆیە پاریسی پێشنیاری ئەوەی کرد کە من ، منێک کە کەمێک دەستی نووسینم هەبوو ، کە هاوڕێکانم ئینشاکانی منیان لە تاقیکردنەوەکاندا قۆپی دەکرد . منێک کە هەر لە منداڵییەوە حەزم دەکرد دوای حیکایەتی ئەو کەسانە بکەوم ، کە بێدەنگ تێدەپەڕن و شتێکی تەڵخ، هەناسەیەکی سارد،

دووکەڵێک لە تەماشا و نیگادا ، لافاوێک لە ناو دڵدا بارانێک لە گلێنەدا ، برووسکەیەک لە ڕۆحێکی بریندارد‌ا لە دوای خۆیانەوە لە شوێنێکی دوور دەست جێ دەهێڵن و جێ ناهێڵن، منێک هەر بەو پاکی و شەرمنییەی جارانمەوە بێم و حیکایەتی هەر چوارمان بنووسمەوە، چواری چی؟ دووانمان ماوین. ئاخ گەر چیرۆکنووس دەبووم ئەی خوێنەری خۆشەویست! وا بە ئاسانی ئەوەم نە دەدا بە دەستەوە کە لە چوار دووانمان ماوین. ئەی دووانەکەی تر کێن ؟ کوان؟ چییان لێ هات؟

من دەمووت پاریسی تۆ داوایەکی زەحمەت لە من دەکەیت، من ئەگەر بێم و ئەو چیرۆکە بنووسمەوە ، ناتوانم نە پاک بم ، نە شەرمن ، ئەویش دەیووت چۆنت پێ خۆشە با وا بێت، گرنگ ئەوەیە بنووسرێتەوە. بە هەر حاڵ ئێمە چوار هاوڕێ بووین ، ئەمەی ئێوە دەیخوێننەوە حیکایەتی چوارکەسە لەگەڵ ئەو پیاوکوژەی کە هەر لە منداڵییەوە دڵم خەبەری دابوو کە تەنها بۆ ئەوە لە دایک بووە کە بگیرێت . من هەر دەمزانی کە ئەو مرۆڤێکی هەڵە بوو لە کات و شوێنێکی هەڵەدا دەژیا و ژیانی پەل پەل و شیتاڵ ـ شیتاڵ کردین و ون بوو.

من هەر زوو دوای حیکایەتی ئەو سیحربازە کەوتم، زانیم کە ئەو رووداوە سەیرانەی ئەم ناوە و ئەم گەڕەکەی ئێمە پەیوەندییەکی تەواوی بەوەوە هەیە ،

بەڵام حەیف  دەرەنگ بڕوایان پێ کردم. من هەر لە منداڵیمەوە خولیای ئەوە بووم حەقی لێ بکەمەوە،  حەقی دڵڕەقییەک کە نازانم لە چ تاریکی و زووڵوماتێکەوە قەرزی کردبوو ، هێنابوویی و بە سەر ئێمەدا تاقی دەکردەوە . ئێوە چووزانن چ قەهر و دەردێکی کردە دڵمەوە ، قەهر و دەردێک وەک خۆرە بە دڵمەوە نووسا و قەت لێم نەبووەوە.

من ڕۆژگارێکی زۆر ، شەوانێکی دوور و درێژ بە دیار ئەو خەیاڵانەوە دادەنیشتم و وەک مۆمێکی ماندوو ئارەقەم لێ دەچۆڕاو دەسووتام ، ئەو خەیاڵانەی کە ئێستا دوای عومرێک لە حەسرەت و دوودڵی و خواردنی بەرچنە دوای بەرچنەی غەم ، دەمەوێت لە ژووره تاریکەکانی بیرەوەریمدا ، بە خەیاڵمدا گووزەر بکەن و بیانووسمەوە.

ئازاری گێڕانەوە جزە لە ڕۆحم هەڵدەستێنێ و دڵم نێڵە نێڵ دەسووتێ و لە دوای خۆیەوە دووکەڵێک جێ دێڵێت ، ئیشی من ئەوەیە ئەو دووکەڵە ببینم و بگرم و بنووسمەوە تا بینێرم بۆ ڕۆمانی هاوڕێم و ئەویش لای خۆیەوە بیداتە دەست کەسێک کلیلێکم بۆ بێنێتەوە.

من ئێستا ئاگام لەوە نییە کە ئێوە چەند پاریسی دەناسن و چەند تێکەڵاوتانە و بەچی بانگی دەکەن؟ بەڵام من لێرەدا نهێنییەک باس دەکەم کە تەنها من و ئەو ئاگامان لێیەتی و ناشزانم چەندی پێ خۆشە دەرکاندنی ؟ بەڵام من هەر لە بەر خاتری چیرۆکەکە دەیگێڕمەوە.

وەک لە پێشدا وتم کە ڕۆمان یارمەتی منی داو لە فەریکەوە کردمی بە غەریب ، منیش لە هەمان کاتدا یارمەتی ئەوم دا و لە ڕۆمانی گوڵەبەڕۆژەوە کردمەوە بە ڕۆمانی پاریسی ، ئەوە ڕێکەوتنێکی نهێنی نێوان هەردووکمان بوو کە هەردوولامان بە سەرکەوتوویی لێی دەرچووین.

ڕۆمان بە منداڵی لە کاتی هاویندا دەچووە دێکەی باپیرەی (باپیرەی لە دایکییەوە)، هاوینێک لە هاوینەکان لە ناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەکانی باپیرەیدا عاشقی کیژێکی جوانکیلە دەبێ و پێی دەڵێ:

ـ خۆشم دەوێیت، گەورە بم دەتبەم بۆ پاریس.

ئەویش دەڵێ:

ـ من نایەم بۆ ماڵی بایز.

ـ بایز نا ، پاریس.

ـ بۆ ماڵی ئەوانیش نایەم.

ـ ئەی یار ! یاری نازدار ! وەرە لە گەڵم.، باشە گەر ئەم کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەیەت بە چەند سەعاتێک بۆ بخۆم، بڕوام پێ دەکەیت؟ بڕوا بە خۆشەویستییەکەم دەکەیت؟

ـ هەموو ئەم کێڵگەیە ؟

ڕۆمانیش بە وشە وەڵامی نەدابووەوە ، بەڵکو یەکسەر دەستی کردبوو بە گوڵەبەڕۆژە خواردن، دوور لە چاوانی باپیرەو خەڵکی ئاوایی ، بە چەند

سەعاتێک هەمووی خواردبوو، بە چەند چرکەیەک پێش ئەوەی بڕشێتەوە و هەمووی بێنێتەوە ،کچەکە  پێی وتبوو:
ـ نا نایەم ، باوکم نایەڵێ بچم بۆ ماڵی کەس.
ڕۆمانیش دوای ئەو ڕستەیە ، ڕشانەوەیەکی سەیر ڕشایەوە، تایەکی گەرم لەوانەی هێلکەت بۆ دەکوڵێنێت هەموو گیانی گرتەوە ، هێزی وەڵامدانەوەی نەما و بێهۆش کەوت. باپیرە بە پەلە هێنایەوە بۆ شار ، هەفتەیەک لە خەستەخانە کەوت و چەند ئاویان پیاهەڵواسی، تا مانگێک سکی دەچوو ، سکچوونی چی؟ دڕک دادەنیشت.
دوکتۆر پێی دەووت، کوڕم تۆ گوڵەبەڕۆژەت خواردووە یان دڕکەکانی هەموو دونیا؟
ئەمیش دەیووت، دوکتۆر گیان سەیر بکە عەشق چی لێکردم؟
دوکتۆریش دەیووت عەشقی چی؟ تۆ هەر بە قەد گوونی خۆت دەبی، تۆ جارێ منداڵی.
ڕۆمانیش بە دەم ئازاری سکەوە دەیووت ، عەشق هەر بە منداڵی خۆشە، بە منداڵی دەکرێ و لەوە دەچێ هەر بە منداڵیش بمرێ .ئێستا عەشق لە دڵی مندا مرد دوکتۆر گیان ، عەشق مرد، دەرمانێکم بەرێ بیخۆم و عەشقم بیرچێتەوە ، مەرهەمێک دڵمی پێ چەور بکەم و دەرگاکانی تا ئەبەد دابخەم .دوکتۆر گیان ! ئێستا من بەم ئازارەوە هەست دەکەم کە ئەمە ئازاری سکم نییە ، بەڵکو ئازاری دڵمە و سکم دەیچێژێ ، ناز و نووزی دڵمە و سکم نرخەکەی دەدا و دەڵێ با لە

سەر خۆمان بێ ، دڵم موسافیرە ، دوکتۆر گیان ! موسافیر . بەڵام بڕوا ناکەم جارێکی تر سەفەری وا بکات. منی نیوەمردوو ئێستا هەست دەکەم کە عەشق لە گۆڕستانێک دەچێ، کە تیایدا مردن ئەزموون دەکەی بە بێ ئەوەی بمریت.
دوکتۆریش بە گومانەوە، لە ژێر چاویلکەکەیەوە، سەیری ئەم منداڵەی دەکرد کە بەو شێوەیە باسی عەشق دەکات، بە سەرسوڕمانەوە پێی ووت!
ـ ڕۆڵە ئەو قسانە سەیرە لە منداڵێکەوە ، یەکێ ئەو قسانە دەکات کە عەشق هەزار هەڵبەز و دابەزی پێ کردبێ.
تۆش دوکتۆر گیان ! یەکێکم لە سەر ئەم زەمینە بۆ بدۆزەرەوە لەم تەمەنەی منداا، کێڵگەیەک گوڵەبەڕۆژە بە درک و داڵییەوە، بە توێکڵییەوە، بە بەردەوە خواردبێ تەنها لە بەر خاتری کیژێک کە خۆشم دەوێ و لە ساڵێکدا دوو هەفتەی هاوینان لە کوێرە دێیەکەی باپیرە دەیبینم و هیچیتر.
ـ ئاخر کوڕی خۆم ! ئەمە چ دەرگایەکە وا زوو لە سەرخۆت کردەوە؟
ـ ئای دوکتۆر! بڕوا ناکەم کەسمان لە کردنەوەی ئەو دەرگایەدا سەربەست بین. دەرگایەکە دەیکەیتەوە و ناشزانی چی چاوەڕێت دەکات ؟ کێ لە پشت ئەو دەرگایەوە وەستاوە؟ نازانین .. نازانین .چۆن بزانین؟ کە ژیان و خەون و عەشق سێ شتن کە قەت خۆمان هەڵیاننابژێرین ، مام دوکتۆر! عەشق لە وڵاتی ئێمەدا لە یانەسیب دەچێ، قەت لە سەرەتادا نازانی بۆت دەردەچێ یان نا، هەر وەک کڕینی ئەو پارچەکاغزەش سەرەتاکانی پڕێتی لە فەنتازییا، فەنتازییایەک کە ئامادەیە تا ناو گۆڕ لەگەڵ خۆیدا بتبات.

دوکتۆر لەو قسانەوە ڕۆمانی زۆر دەچێ بە دڵدا ، پێی سەیر بوو کە منداڵکی ئاوا بەو هەموو خەم و قەهرەوە قسەی وا دەکات. ئەو ڕۆژەی لە خەستەخانە دەرچوو، دوکتۆر  پێی ووت:

ـ کاکە ڕۆمان! هەموو کاتێ گەر پێویستت بە دوکتۆر بوو ، وەرە بۆ لام  من بە خۆڕایی هەموو شتێکت بۆ دەکەم، نەک تەنها بۆ تۆ ، بەڵکو بۆ هەمووتان، بۆ دایک و باوکت ، بۆ خزمەکانت ، بۆ باپیرەت، تەنانەت بۆ ئەو کیژەش کە ئەو هەموو بەرد و دڕکەی پێ خواردووی، بۆ هەمووتان پشکنین و داوودەرمان بە خۆڕایی.

لە دوای ئەو ڕووداوەوە بوو کە بوو بە ڕۆمانی گوڵەبەرۆژە، هەرکە گوێی لە گوڵەبەڕۆژە دەبوو وەک دڵی هەنجن هەنجن بکەیت دەمرد و زیندوو دەبووەوە ئێوارەیەک لە ئێوارەکان من و ئەو لە ژێر گڵۆپی زەردی عەموودی کۆڵاندا پەیمانمان دا بە یەک کە ئەو من بکات بە غەریب و منیش ئەو بکەمەوە بە ڕۆمانی پاریسی.

ئێستا ئەی خوێنەری خۆشەویست ! کەمێک ڕۆمانتان ناسی، ئەوە ئەو کەسەیە کە من ئەم چیرۆکەی بۆ دەنێرم و کلیلێکتان پێ دەدات کە نابێ ونی بکەن. من دەزانم کە بە تەواوی کاتی ئەوە هاتووە کە حیکایەتی من و پاریسی و کۆپی یەکتر و ئەو کلیلە بگێڕمەوە ، دەنا خوێنەر دیق دەکات و لە داخدا لە جیاتی جارێک هەزار جار کلیلەکەم لێ ون دەکات.

هەر لە سەرەتاوە حەز دەکەم ئەوە بڵێم کە ئەوانە هەڵەن وا دەزانن ڕووداوەکان لەو ئێوارەیەوە دەست پێ دەکەن کە هەردوو هاوڕێی تەمەنمان "کۆپی یەکتر" دیارنەمان.

من حیکایەتی پێش ئەوانیشم لایە ، سەرگوزشتەی ئەو پیاوە نابەڵەدەی کە بە ڕێکەوت شەوێکی پایز، ڕێی دەکەوێتە ناو دڕکەکانی بەردەرگای ماڵی سیحربازەکە، هەر دەیەوێ لێی بێتە دەرەوە و ڕزگاری بێت ناتوانێت، تا چەند مەترێک لای بەر دەرگای ماڵەکەیەوە دەبێت بە بەرد.من خۆم بینیم کە بوو بە بەرد، هەرچەندە تەماشام زۆر ڕوون نەبوو ، جامی گلێنەم پڕ بوو بوو لە فرمێسک، من لە ناو دڕکەکانەوە بینیم ، ترسام و ڕامکردەوە بۆ ماڵەوە، کە بەیانی زوو هاتمە دەرەوە و سەیرم کرد پەیکەرێک کە زۆر لەو پیاوە دەچێ لە بەردەمی ماڵەکەیدا چەقیووە بە شێوەیەک کە شارەوانی بە شۆفلێش بۆی لاناچێت.

ئەو هەموو ساڵانە تێپەڕین و ئێستاش ژنی ئەو پیاوە ، ئەو پیاوەی بوو بە بەرد، دێت و جار جار سەردانی مێردەکەی دەکات، چاوتەر۔ چاوتەر دەڕواتەوە. هەموو جارێک بە خەیاڵی جیاواز ۔ جیاواز سەیری دەکات. ڕۆژێ دەڵێ کە ئەوە کتومت خۆیەتی، ڕۆژی تر دەڵێ لەو دەکات، جارجارەش شکێ وەک خەمێ لە ناکاو بەر دڵی دەگرێ و دەڵێ، هەندێ شتی هاوبەشیان تیایە، تۆ بڵێی ئەو بێت؟ ئەوەی من کەمێک غەمگینتر بوو.

من ماوەیەک دوای حیکایەتی ئەو ژنەش کەوتم ، دوای چیرۆکی ئەو دوو عاشقە پیرە، تا زانیم ئەو پیاوە بۆچی ڕێی کەوتۆتە ئەم ناوە .من داخەکەم درەنگ، زۆر درەنگ  پێم زانی و نەمتوانی یارمەتی بدەم، درەنگ پێم زانی کە هاتنی ئەو مێردە بەربینە بۆ لای دڕکەکانی سیحربازەکە ، بۆ بە دەست هێنانی جۆرە شلەمەنی و دەرمانێک بوو بۆ  ژنەکەی ، نازانم لە کوێ بیستبووی کە لە ناو لاسکی درێژی ئەو دڕکانەدا جۆرە شیرێکی تیایە کە نەخۆشی پێستی ژنەکەی چاک دەکاتەوە ، نەخۆشییەک کە هیچ دوکتۆر و حەکیم و دەرمانناسێک پێی نەدەوێرا . برینی وەک گوڵەباخی دەمکراوە.

پڕ بە دەم خوێن، لە سەر لەشی ئەم ژنە درووست دەبوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم گوڵانە لە زیادبووندا بوون بە جۆرێک پێیان وتبوو کە ئەگەر چارەسەری نەکات، ئەوا بەم نزیکانە هەموو لەشی دەبێتە (باخچەی پاشا لەو بەر ئاوە ، خێڵی دوژمن دەورەی داوە) بەڵام ئێستا کاتی ئەوەم نییە ، حیکایەتی ئەوان هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر، بەم زووانە ڕەنگبێ کە لەم چیرۆکە بوومەوە، حیکایەتی ئەوانیش بنووسمەوە، ڕەنگە هەر ناوی بنێم ئەو پیاوەی کە بوو بە بەرد ، گەر یەکێ پێی خۆش بێ ، با بە نامە یان ئی ـ مایل ئاگادارم بکاتەوە ، من بۆی دەنێرم. بەڵام ئێستا نا ، ئێستا دەمەوێ بە خشکەیی بگەڕێمەوە بۆ لای حیکایەتی ئەو دوو هاوڕێیەی کە پێمان دەووتن کۆپی یەکتر و لە ئێوارەیەکی غەمگین و پڕ تەم و توومانی پایزدا دیار نەمان. من و پاریسی

به تەوسەوە وامان پێ دەووتن ، چونکە دووانە بوون و هیچ شتێکی خوایان لە یەک نەدەچوو، بەڵام تاقە شتێکی هاوبەشیان ئەوە بوو بۆنی نێرگزیان لێ دەهات .لە دووری دوورەوە دەتزانی کە هاتن ، لە دووری دوورەوە دەتزانی کە لەویان .حیکایەتی ئەوەش کە ئەوان لە کاتی لەدایک بوونیاندا یەکی چڵەنێرگزێکی فلیقاوەیان لە مستدا بووە ، لای من ڕاستە و بڕوایەکی تەواوم پێیەتی . چونکە دایکیان لەو ماوەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەدا هەمیشە چڵەنێرگزی لە تەنیشتەوە بووە و هەر بۆنی کردووە و لێی تێر نەبووە ، دەڵێن بێزووی پێوە کردووە و هەندێ جار خواردوویەتی. بۆیە کاتێ کە لە دایک بوون بە مامانەکەی وتووە گەر کچ بوونایە ناوم دەنان نێرگزەجاڕ، وەی خوایە ! تەماشا چییان پێیە ؟

جا ئەم دووانە هیچیان لە یەکتر نەدەچوون .یەکێکیان ناسک ، ئەوی تریان دڕندە، دڕندەکەیان تا بڵێی عاشق بوو ناسکەکەیان تا سەر ئێسقان ڕەزیل عاشقەکەیان بەتەواوی غەمگین، ڕەزیلەکەیان تا دوواهەناسە شاعیر، غەمگینەکەیان تا حەزبکەی پەیکەرتاشێکی بێ وێنە بوو ، کە بە دەستە چکۆلەکانی خۆی هەموو دونیای دەکردە پەیکەری بچووک بچووک.

ئەو دووانە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی من و پاریسی بوون ، دوو هونەرمەند و بەهرەمەندی بچکۆلەی گەورە بوون ، لە ئێوارەیەکی سەیردا دیارنەمان. لە ئێوارەیەکدا کە بۆ من گرنگییەی تایبەتی هەبوو کە ئەوان زیندوو بن . کەچی ئەوان دیار نەمان. هەر لە ناو دەرکەکانی سیحربازەکەدا بوون ، ، ..... هەر

دەبێوا بێ چونکە هەر بۆ شەوەکەی کە پارچەشیعرێک و پەیکەرێکی بچکۆلەی تەواونەکراوی گیرفانیان لەناو دڕکەکانی بەردەرگای ماڵەکەی ئەودا دۆزییەوە، ئیتر پۆلیسەکان دەست بە جێ کەوتنە پشکنینێکی زۆر وردی ئەو ناوە ، بەڵام ئەوانیان نەدۆزییەوە.موفەوەزی پۆلیس کە سەرپەرشتی کاری دۆزینەوەکەی دەکرد، کوڕێکی گەنج بوو کە سمێڵێکی ناشرینی هەبوو هەرچەند تاڵێک بوو ، لەوە دەچوو بە هەڵە لەوێدا ڕووابن . سمێڵێک بوو لەوە دەچوو قەرزی کردبێت و لە کاتی دانەوەدا چەند تاڵێکی بۆخۆی گلدابێتەوە . زوو زوو بە خۆی دەووت تووخوا ئەمە ئیشە من هەمە ، بەرد بیارێ ، گوو بیارێ .بەخۆی و لایتێکی گەورەی دەستەوە فەرمانی دا کە ماڵی سیحربازەکە بگەڕێن. پۆلیسەکانیش بە قاچ و قوولی زامدارەوە لە ناو دڕکەکانەوە هاتنە دەرەوە . خوێنیان لێ دەچۆڕا .دڕکەکان وەک ووردە ماری برسی ، لە قاچ و پێڵاوەکانیان ئاڵابوون و تیژ ڕۆچووبوون، ماڵی سیحربازەکەیان بە بریندارى سەرو ژێر کرد و هیچیان نەدۆزییەوە . بە توورەیی و شکستییەوە، ئەو ناوەیان بە جێ هێشت . موفەوەزی پۆلیسیش جنێوێکی مزری بەو کەسەش دا کە تەلەفۆنی بۆ کردبوون و سیحربازەکەی تاوانبار کردبوو . ئەوە من بووم کە ئەو هەواڵەم بە پۆلیس ڕاگەیاند و بە دزییەوە تەلەفۆنم بۆ کردن. دەمویست بگیرێ ، من ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵانە هەر لەو بڕوایەدام کە دیارنەمانی کۆپی یەکتر و زۆر ڕووداوی دڵتەزێنی ئەم ناوە و ئەم گەڕەکەی ئێمە دەستێکی نهێنی ئەوی هەر تیا بووە ، بۆیە

دەمویست  هەر هەقی لێ بکەمەوە، من قەت لەوە پەشیمان نیم کە هەوڵێکی شێتانەم دا بۆ ئەوەی بگیرێ و ئیدی شوێنەواری لەم ناوە نەمێنێ . ئای خوایە دڕکەکانی ئەو چی بە منداڵانی ئەم ناوە نەکرد ، ئەو منداڵانەی کە بە ڕێکەوت بۆ یاری کردن ڕێیان دەکەوتە لای دڕکەکانی ئەو . ئای لەو هەموو منداڵە قاچ و قوول زامدارانە ، لە پەل و پۆ کەوتووانە. خەستەخانەی شیرەکە کە نزیک ماڵی ئێمە بوو ، پڕ بوو لە منداڵی بریندار. دڕک بە شێوەیەک چەقیبووە جەستەیان بە نەشتەرگەریش دەرنەدەهات ، هەر وەک ( تاتوو) ێک بە جەستەیانەوە شوێنەواری دەمایەوە و زەحمەت بوو بیسڕیتەوە.

دوکتۆرەکان سەرسام و واق وڕماو بە تیژی ئەو دڕکانە، یەکێکیان کە تازە دامەزرابوو ، لەوە دەچوو ڕقێکی زۆری لە خواردنی هیندی بێ دەیوت ((ئەمانە دڕکن یان دەلوبییەرو عەمبەر)). ئەم پیاوە کۆشکێکی ڕووخاوی لە تەنەکە و دڕک دروست کردبوو ، ماڵەکەی لە کەلاوەکەی تەنیشت کۆڵانەکەی ئێمە بوو ، کەلاوەیەک کە سروشت زۆر دڵڕەقانە فەرامۆشی کردبوو ، بە جۆرێک وەک ئەوەی بە دزی نەخشە و جوگرافیاوە کەوتبێتە ئەو ناوە ، چواردەوری پڕ کردبوو لە دڕک وەک بیەوێ لە شتێ لە کەسێ بیشارێتەوە . لە دوورەوە جگە لە دڕکەڵانێک هیچی تر نەدەبینرا جۆرە دڕکێکی دەگمەن بوو . من لە هیچ شوێنێ دڕکەزێی مل درێژ و مەچەک ئەستووری لەو جۆرەم نەبینیبوو . ئەوانە ئەو چەقۆیانە بوون کە لە جەستەو سیما و قاچ و قوولی منداڵان دەچەقان و بە

پەلە و نیوەمردوویی دەیانگەیاندنە خەستەخانەی شیرەکە . کە یاری خۆشاردنەوەمان دەکرد،
هەر لە ناو دڕکەکاندا خۆمان دەشاردەوە ، هێندە دڕکمان لێ دەچەقا دەتووت ژیشکین ، ژیشکێک بە دڕکەکانی خۆی هەلا هەلا و ماڵ وێران بێت .تەنانەت ئەو کاتەش کە سیحربازەکەم بە گرت دا ، دڵێکم هەر لە لای ئەو دڕکانە بوو کە شارەوانی دێت و بە ئاگرێک شوێنەواری نایەڵێت ، بەڵام لەوەیاندا من بەهەڵە دەرچووم.
ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو نهێنییەکان پێکەوە ببەستمەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە بکەم ، دەمەوێ باسی نهێنییەک بکەم کە چەندەها ساڵە لەگەڵ خۆمدا دەیهێنم و دەیبەم ، وە بە بێ درکاندنی ئەو نهێنییە ئەم چیرۆکەمان نوقسان دەردەچێ . ئەم چیرۆکەی من و پاریسی و هەردوو کۆپی یەکتر. ئێمە چوارهاوڕێ بووین ، دەفتەرێکمان هەبوو ناومان نابوو دەفتەری ڕیکۆردەکان. هەموو خەڵکی ئەم شارە ئاگایان لەو دەفتەرە هەیە ، شتێکیان لەبارەیەوە بیستووە . ئەم دەفتەرە بە بادانی چوار کلیلی جیاواز لە یەک کاتدا دەکرێتەوە . ئێمەش هەر چوارمان یەکی کلیلێکمان پێ بوو ، هەر ئێمەش بۆمان هەبوو بیکەینەوە و ناوی ئەو کەسانە تۆمار بکەین کە لەم شارەدا بتوانن ڕیکۆرێک لە هەر شتێکدا بێت بشکێنن و ناویان بچێتە ناو دەفتەرەکەوە، دەفتەرێک کە لەسەری نووسراوە (دڵی خەڵکانە بەهەشت .. دڵی خەڵکان) ئەم دەفتەرە تەمەنی دوو سەد ساڵ زیاترە ، لە باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە ، باب و

باپیرانمان هەموویان هاوڕێی نزیکی یەکتر بوونە . هەر لە سەرەتای دروست بوونی ئەم شارەوە ، ئەوانیش بیریان لە دەفتەرێکی وا کردەوە ، یەکەم جار تەنها ناوی ئەو کەسانەیان تۆمار کرد کە شتێکی جوانیان کردبوو بۆ ئەم شارە، ناوی کەسانێک کە قوتابخانەیەک ، باخچەیەک بۆ منداڵان ، پارکێک بۆ پیاسەی ئێواران، ڕۆژنامەیەک یان خەستەخانەیەکیان کردۆتەوە . بۆ بەشی وەرزشیش ناوی ئەو کەسانەی کە لە هەندێ یاریدا ژمارەیەکی پێوانەییان شکاندووە . لە بەشی منداڵانیشدا زۆر یاری تیایە و یەکێ لەوانە چاوشارکێ و خۆشاردنەوەیە .ئەم دەفتەرە هەندێ ناوی تیایە کە مێژووی ئەم شارە بە شانازییەوە باسیان دەکات . ئێمە هەر چوارمان پەیوەندییەکی تەواومان بە خەڵکانی ئەم شارەوە هەبوو، بە گەورە و بچووکەوە ، گەر لە هەچ شوێنێک کەسێ بتوانێ ڕیکۆرێک بشکێنێت ، ئەوا یەکسەر ئێمە ئاگادار دەکراینەوە و ناوەکانمان تۆمار دەکرد. زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسای شار دەهاتن و شتی گرنگیان لەم دەفتەرەوە دەگواستەوە بۆ ناو لاپەرەکانیان. من ، خەریک ڕیکۆرد ، ڕۆژێ لە ڕۆژان خەریک بوو لە بەشی منداڵاندا لە چاوشارکێ دا ناوم بچێتە دەفتەرەکەوە و سیحربازەکە نەیهێشت . ئەو وای کرد من گڕ بدرێم . من سەد جار لەسەر یەک لە یاری خۆشاردنەوەدا بردبوومەوە،یەک جارم مابوو بۆ ئەوەی ڕیکۆردەکە بشکێنم. پێش من کەسێ بە ناوی ( کەسنەزان ) هوە ناوی تۆمار کرابوو ، باوکم دەیگێڕێتەوە و دەڵێ کە ئەم کوڕە لە چلەکاندا کە خۆی دەشاردەوە تا هەفتەیەک نەدەدۆزرایەوە، کەچی لە بەر دەمیشتا بوو ، هونەری

خۆشاردنەوەی ئەو کورە بێ وێنە بوو، دوایی کە گەورە دەبێ و دەچێتە ڕیزی شۆڕشەوە ، لە شەستەکاندا بە نهێنی  هەموو شار دەخاتە سەر باوەڕی شۆڕشگێڕی . حکومەتی ئەوسا وەک شێت بە شوێن ئەودا دەگەڕێت و کەس نازانێ ئەم کەسە لە کوێ خۆی شاردۆتەوە. ئەم کەسەی هەموو شاری کردۆتە ئاگری شۆڕش . جارێکیان دە هەزار کەس بە دوویدا دەگەڕێن و هەموو شار تەی دەکەن و نایدۆزنەوە. تا ڕۆژێ لە سەر شەقامێکی گشتی دەچێتە بەینی دوو کەسەوە بۆ ناوبژیکردن، دوو کەس کە نایانناسێ ، چەقۆیەک بەر سەر دڵی دەکەوێت و ئیتر هەڵناستێتەوە. من ئێستا نازانم کە کەسنەزان چۆن خۆی شاردۆتەوە؟ چۆن چۆنی لە بەردەمتدا بووە و نەتبینیووە ؟ نازانم هونەری خۆشاردنەوەی ئەو چی بووە؟ بەڵام من نهێنی  خۆمتان بۆ ئاشکرا دەکەم. لە ڕاستیدا من لە ناو دڕکەکانی سیحربازەکەدا خۆم  دەشاردەوە ، ژوورێکم لە ناویا دروست کردبوو کە هەموو لایەک و هەموو کەسێکم لێوە دەبینی و کەسیش منی نەدەبینی. بە شێوەیەک خۆم مات دەکرد دەبوومە یەکێک  لەو دڕکانە ، بە جۆرێ جیاکردنەوەمان زەحمەت بوو . هێندە لەوان دەچووم گەر دڕکەکان زمانیان هەبووایە هەزار جنێویان بە من دەدا. ئەو ئێوارەیە هەموو کەسێ دەیزانی من ڕیکۆرد دەشکێنم . هەموو منداڵانی ئەم ناوە  چاوەڕێی ئەوە بوون کە من بیبەمەوە، سیحربازەکە لە بەر دەرگا بوو ، ئاگای لە هەموو شتێ بوو ، من خۆم وا ڕەق کردبوو هەر بە تەواوی ماندوو بووم . لەرەیەکم بۆکرد و کۆکەیەکی نەرمیش بە دوایدا، ئای داخەکەم سیحربازەکە بە چ

ڕقێکەوە سەیری ئەو شوێنەی کرد و منیش ترسام و یەکسەر هاتمە ئەولاوە بۆ ئەوەی ژوورەکەم ئاشکرا نەبێ ، ئەو هاواری کرد و منی بە گڕ دا.

هەمیشە وا بوو ، پێی ناخۆش بوو بچینە ناو دڕکەکانییەوە ، ڕقێکی گەورەی لە هەر چوارمان بوو ، ئێمە تاقە کەسانێک بووین کە لە دڕکەکانی ئەو نەدەترساین، تاقە منداڵێکی ئەو ناوە بووین ، کە بە زامداری و پەلەپروزکێ نەیانبردووین بۆ خەستەخانەی شیرەکە .هەردوو کۆپی یەکتر، یەکێکیان دڕکەکانی کردبووە ئیلهامی شیعر و لەو دڕکانەوە دێڕی وای دەوت کە شاعیرانی سەرسام دەکرد، زمانی شیعری ئەویان بەو منداڵییە ناونابوو جوانترین زمانی دڕک ، بەڵام هەتا بڵێی ناسک، ئەوی تریشیان کۆمەڵێ فیگوری سەیر سەیری لەو دڕکانە دروست دەکرد، دڵۆپێک خوێن چییە لە سەری پەنجەیەوە نەدەهات .ڕۆمانی پاریسیش دەیووت من بە دڕک خۆشە بوومە ، من هەر دەمێکە لە عەشقی کیژۆڵەی دێیەکەی باپیرمەوە دەستم کرد بە دڕک خواردن ، یەکێ دڕکی عەشقی وا لە یادەوەریدا مابێت ئەم دڕکە نەرمانە چین ؟ منیش وەک ووتم ژوورێکم لە ناو دڕکەڵانەکەدا دروست کردبوو هەموو شتێکم لێوە دەبینی. ئای خوایە لەویادا سیحربازەکە منی نەدەبینی، من لەوێ زۆر سەیری ئەو پیاوەم دەکرد و لە کردەوە نائاساییەکانی ڕادەمام، هەندێ جار لە خۆیەوە دەگریا . هاواری دەکرد و بە زمانی باڵندە جنێوی دەدا ، جار جارەش لە کاتی ڕەشەبادا بە قاقا پێدەکەنی. لەو کاتەدا شتی سەیر سەیر ڕوویان دەدا . وەک دیاری و خواردنی لەملاو ئەولاوە بۆ بێت، لە ئاسمانەوە ،

له ناو حەوشەی ماڵەکانەوە ڕەشەباکە شتی بۆ دەهێنا و لە دڕکەکانەوە دەئاڵان . ئەویش لێی دەکردنەوە و دەیبردنەوە بۆ ماڵەوە. ئای خوایە بەم چاوانەی خۆم دەمبینی ، جل و بەرگی سەرتەناف ، نانی سەرساج، مەنجەڵە یاپراخ ، سۆندەی حەوشە ، گسکی بەر دالان، پاسکیلی منداڵان ، بەرمیلی ئاوی سەربان ، سەعاتی گەورەی هۆڵەکان ، تووحفە و شتی ووردی جوان جوان، تەنانەت گوڵە دەگمەنەکانی ماڵی شەوقێ فەنی ، کە لەسەر خونچەیەکی سیسی ، گەڵایەکی زەردی وەریوی تا بەردەرگای دۆزەخ لە گەڵتا دەهات .شەوقێ فەنی ئەو کەسە بوو کە بە هەزارەها تۆپی ئێمەی بە دانەکانی تەقاندووە. لە کاتی ڕەشەبادا ئاوها گوڵەکانی بێناز بە دڕکەکانەوە دەمانەوە . هەرشتێک بیووایە بە دڕکەکانەوە ئەو بە هی خۆی دەزانی ، هەچ وەختێ برسی بوایە دەهاتە دەرەوە و چاوی دەبڕییە چاوی ئاسمان، تا نەدەبوو بە ڕەشەبا چاوی نەدەترووکاند . بەڵێ هەر لەو ژوورەدا دەمبینی ، هەر لەو ژوورەدا کە من لە ناو دڕکەکاندا دروستم کردبوو ، ئەوم دەبینی هەر لەوێشدا بوو خەیاڵێکم بۆ هات ، خەیاڵێک بۆ تاوانبار کردنی سیحربازەکە بە دز .من هاتمەوە بۆ ماڵەوە، هەموو فەنتازیای خۆم بەکارهێنا بۆ هۆنینەوەی نامەیەکی خەفەتاوی، نامەیەک بێ ناوی خۆم بۆ ماڵەکان ، کە تیایدا بکوژی کۆپی یەکترم بە دز تاوانبار کردووە ، تیایدا ئەوەم باس کردووە کە سەیرێکی شتەکانتان بکەن ، چی لە ماڵتاندا دیار نەماوە وەرن و لای سیحربازەکە دەیدۆزنەوە. نامەیەکی زۆر تایبەتیشم بۆ شەوقێ فەنی نووسی و باسی مەرگی گوڵەکانیم بۆ کرد ، نووسیم کە جاران گوڵەکانت نازدار نازدار

وەنەوزیان دەدا ، ئێستا وەرە بیانبینە چۆن لە سەرەمەرگدان چاوەڕێی دوا بینینی تۆ دەکەن. پێش ئەوە من هەموو گوڵەکانم لە دڕکەکان کردەوە فڕێم دانە ماڵی سیحربازەکە ، من ، شەوقیٚ فەنیم بینی وەک ئەسپێکی بریندار غاری دایە دەرەوە و دەرگای ماڵی سیحربازەکەی بەر بۆکس دا ، تا لێی کردەوە . پاڵێکی پێوەنا و چووە حەوشەکەیەوە و گوڵەکانی بینی ، هاوارێکی کرد هەموو دونیای ئەو ناوەی هێنایە دەرەوە ، خەڵکانی تریش بە خۆیان و تێڵایەک و نامەکەی دەستیانەوە ، ئەوەی کە شتی لە ماڵەکەیدا دیار نەمابوو ، جورئەتیان دایە بەرخۆیان و دوای ئەو هاوارەی شەوقیٚ فەنی چوونە ماڵی سیحربازەکەو زۆر کەس شتی خۆی لەویٚ بینییەوە، هەر ئەو شەوە شکاتیان لێکرد و گرتیان، ئەوجا هەمووومان بە خۆشییەوە چووینەوە بۆ ماڵەوە، من هەر لە ماڵەوە گوێم لە ناڵینی شەوقیٚ فەنی بوو ، تا بەیانی بۆ گوڵەکانی دەگریا.

ئەو شەوە یەکەم شەو بوو کە من بە ئارامی سەربکەمە سەر سەرین ، ئەو ساتە بوو کە من لە هەموو ژیانمدا چاوەڕێم دەکرد، هەر بە هۆی شەوقیٚ فەنییەوە پێم زانی کە سیحربازەکە دوای دوو مانگی تر دادگایی دەکرێت . باوکم ماوەیەکی زۆر نەخۆش بوو ، دایکمیش هەر فریای ئەوە دەکەوت کە ئاگای لەو بیٚ و خزمەتی بکات ، بۆیە تەنها کەسیٚ بۆ من و پاریسی ، شەوقیٚ فەنی بوو کە وەک خۆمان بریندار بیٚ و دوای ئەو ڕووداوە بکەوێت. من ئەو دوو مانگە خۆم تەییار و ئامادە کرد ، کتێبێکی زۆرم لە سەر دادگا خوێندەوە. لەسەر کوشتن و تاوان ، کاراکتەری پیاوکوژ ، چۆنێتی دەست جوڵاندن لە کاتی قسە

کرێندا له دانگا، هونەری بەدرۆخستنەوە، زەردەخەنەی درۆ ، فرمێسکی تیمساح، سیحرباز و فێڵەکانی، شیکردنەوەی خەون، کتێبێکم خوێندەوە بە ناوی ( وەی نەگبەت) باسی ئەو پیاوکووژانە دەکات کە هەموو کاتی دانیشتنەکانی دانگا دەگرین، بۆ ئەوەی سەرۆکی دانگا حوکمەکەیان بۆ کەم بکاتەوە . کتێبێکی تر بە ناوی (گوێ بگرە ئەی پیاو کوژ) باسی حوکمی ئیلاهی دەکرد لە سەردەمی یۆنانی کۆندا. هەرچەندە من لەوکتێبانە زۆر تێنەدەگەیشتم ، بەڵام سوودێکی زۆرم لێ بینین بۆ نووسینی نامەکانم بۆ سەرۆکی دانگا. ئەوە ئەو کاتە بوو کە ڕۆژی دانگایی کردن هاتە پێشەوە ، من و پاریسی و شەوقێ فەنی لە پێش هەمووانداا چووینە ژوورەوە ، پێش ئەوەی خەڵکێکی زۆر بێن ، دوور لە چاوی پۆلیسەکانی ناو دانگا ، نامەیەکی دوورو درێژم خستە بەر دەمی سەرۆکی دانگا، تیایدا باسی زۆر شتم بۆ کرد ، باسی ئەو پیاوەی کە سیحربازەکە کردی بە بەرد و ئێستاش لە بەردەمی ماڵەکەیدا ماوە . باسی کوشتنی هەردووکۆپی یەکتر و منداڵە بریندارەکانی ناو دڕکەکان، باسی دزین و دیارنەمانی کتوپڕی هەزارەها شت. کاتێ حاکم هاتە ژوورەوە ، هۆڵەکە پڕبوو بوو لە خەڵک ، نامەکەی بینی و پرسیاری کرد ، ئەم نامەیە هی کێیە؟ کەس قسەی نەکرد . چاوێکی پێدا خشاند و چەند جارێک سەری بادا و خستییە گیرفانییەوە، لەڕۆژی یەکەمدا ، سەرۆکی دانگا سیحربازەکەی بە دز تاوانبار کرد، ئەویش وتی من هیچ شتێکم نەدزیووە ، ئەوانە دیاری ڕەشەبان بۆ من ، من ڕەشەبا بە خێوم دەکات ، گەردەلوول نازم دەداتێ ئازیزم ! هەموو

دایانه قاقای پێکەنین، حاکمیش وتی، نازی چی هەتیوو، تۆ یەکبار شتت لە خەڵک دزیووە . ئەویش وتی ،ئەوانە دیارین .. دیاری.
بە گشتی دانگایی کردنی سیحربازەکە هەفتەیەکی پێ چوو . نەک تەنها لە بەر ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر دەهاتن و سیحربازەکەیان بە شتی سەیر سەیر تاوانبار دەکرد ،کە من خۆم لە دڵەوە بڕوایەکی تەواوم بەوە بوو کە ئەو دەستی تیا نەبووە، بەڵکو زیاتر لە بەر ئەوەی کە ئەم پیاوە زوو زوو خوێنی لووتی دەپژا .خوێنەکە بە هیچ شێوەیەک ڕانەدەوەستا، دوو سێ ڕۆژ لە سەر یەک ناچار بوون لە خەستەخانە بۆی بسووتێنن، تا خوێنەکەی ڕابگرن.
من لە نامەکانمدا بۆ سەرۆکی دانگا دەمنووسی ، گەورەم ! ئەم سیحربازە درۆ دەکات .
کە درۆ دەکات وای لێ دێ . تۆ ( پینۆچیۆ ) دەناسی ؟ کە درۆی دەکرد لووتی درێژ دەبوو، ئەم کابرایەش کە درۆ دەکات ، خوێنی لووتی دەپژێت . هەریەکە لە ئێمە گەورەم! کە درۆ دەکەین ، شتێکمان لێ ڕوودەدات ، گرنگ ئەوەیە بدۆزرێتەوە، ئەوە میتۆدێکی باشە بۆ دۆزینەوە.
ڕۆژی تر بۆم دەنووسی ، تۆ سەیری پەنجەگەورەی بکە کە قسە دەکات لە مشتیدا دەیشارێتەوە، ئەوە ئەوە دەگەێنێ کە ئەم پیاوە نایەوێ خۆی ئاشکرا بکات، پەنجە گەورە بە مانای "بەرزەمن" دێ ، کە نایەوێ کەس بیبینێ.
ڕۆژی تر دەمنووسی، تۆ سەیر چۆن ڕەنگی دەگۆڕێت کاتێ باسی کۆپی یەکتر دەکەیت ، چۆن تینووی دەبێ و داوای قومێ ئاو دەکات کە باسی ئەو پیاوە

دەکەیت کە بوو بە بەرد، کە باسی ئەو دڕکانەی دەکەیت ، ئەو چەقۆ و کێرانەی کە منالآنی ئەم ناوەی پارچە پارچە و لەت و پەت دەکرد هیچ وەلآمێکی نییە .تۆ پێی بڵێ تۆوی ئەم دڕکانەت لە کوێوە هێناوە ، من سەد دەر سەد دەزانم کە دوای ئەو پرسیارە کە دەڵێ نازانم ، خوێنی لووتی دەپژێ. بۆ بەیانی کە پرسیاری لێ دەکرد ، چۆنم بۆ سەرۆکی دادگا دەنوسی ، ئاوا دەکەوتەوە . دەمنووسی ئەوە کەی دیارییە خەڵک بێنەوە بۆی و بڵێن بماندەرەوە . حاکم دەیووت ، ئەی باشە بۆچی نایاندەیتەوە ؟ ئاخر گەورەم ئەوانە دیارین .. دیاری . هەردووکیان تووڕە ، حاکم دەیووت ، هەموو شتێ دیاری نییە ئەو هاواری دەکرد دیارییە .. دیارییە . هەموو شتێ بێتە ناو دڕکەکانەوە بە هی خۆمی دەزانم و دیارییە.

سەرۆکی دادگا هەڵچووبوو ، دەینەڕاند ـ ئەو پەیکەرەی بەر دەمی ماڵەکەت.

ئەویش دیارییە؟

بەڵێ دیارییە.

ئەو پیاوەی کە بوو بە بەرد ، دیارییە.

ـ بەڵێ دیارییە.

ـ کۆپی یەکتر ئەوانیش دیارین؟

ـ بەڵێ .. دیارییە .. دیارییە.

هێنده هەڵچووبوو ، نەیدەزانی چی دەڵێ و باسی کێ دەکات .، زوو زوو خۆێنی لووتی دەسڕی، هەموو دانگا و ژێر کورسییەکانی کردبوو بە خوێن. هەفتەیەک بەم شێوەیە تێپەڕی ، دوواجار هەر بە کراسی خوێناوییەوە ، بە تاوانی دزی دوو ساڵی بۆ نووسرا.
حاکم وتی، تۆ پیاوکوژیشیت، بەڵام بە داخەوە هیچ بەڵگەیەکم بە دەستەوە نییە دووری بخەنەوە لێرە تا بۆنی ئەم خوێنە نەیخواردووین.
بۆ ڕۆژی دوایی، پۆلیسمان ئاگادار کردەوە، لەوەی کە دەنگە دەنگێکی سەیر لە ماڵی سیحربازەکەوە دێ ، با بێن و بزانن چییە ؟ هەمان ئەو موفەوەزە ، بە هەمان تاڵە سمێڵی جارانەوە، بە ووردی گەڕان و ئەم جارەیان ژێر زەمینێکیان دۆزییەوە ، کە پڕ بوو لە ئاژەڵی تینوو ، ئەسپی بریندار کە حیلەی دەگەیشتە بنی دونیا ، مەیموون، کە دەم و چاوی پڕ بوو لە پاڕانەوە ، کرمی گەورەی ئاوریشمی لە ناو شووشەی ماسیدا، مشکی سپی جوان جوان کە زیکەیان ناخۆشی کردبوو ، مریشکی پەڕزێڕین کە هێلکەی ئاڵتوونیان کردبوو، تووتی خەنافس کە گۆرانییان دەووت ، تەنها یەک دێڕیان دووبارە دەکردەوە (خەیاڵەکانی دەردەدارێتی .. ئەی ئەممان ، نەممان)، بێچووە بەرازی جوان جوان کە یەکێکیان خەریک بوو قەپاڵێک لە قوونی موفەوەزەکە بگرێت.
زۆر چاومان گێڕا، من و پاریسی لە هەمووان پەرۆشتر بووین ، ئەوە خوایە هەردوو کۆپی یەکتر بە زیندوویی لەوێ بدۆزینەوە، یان تەرمی زۆر لەو منداڵانەی کە لەو ماوەیەدا، لەلاو ئەولا بە کتوپڕی دیار نەدەمان . بەڵام کەسمان

نەدۆزییەوە.

دوای هەفتەیەک ماڵەکەیان تەخت کردو درگەکانیان سووتاند ، بەڵام بۆ نەگبەتی ئەو درکانە هەموو پایزانێک دەروێنەوەو ساڵ دوای ساڵ درندەتر و تیژتر دەبنەوە و قووڵتر بە قاچ و قوول و جەستەو سیمادا رۆدەچن. مانگێکی پێ نەچوو ، وا بڵاوبووەوە کە سیحربازەکە لە بەندیخانە هەڵهاتووەو کەس نازانێ لە کوێیە؟

ئێستاش هەندێ جار پاریسی بە گاڵتەوە بۆم دەنووسێ .. غەریب ! کێ دەڵێ رۆژێ لە لە رۆژان ، من لە سەر ئەم شەقامانەی پاریس نابیینمەوە ؟ منیش بۆی دەنووسم .. نا ، ، دوای ئەو هەموو ساڵانە ترسی چیتە ؟ پێش ئەوەی بگاتە ئەوێ ، حەقی خۆی لە من دەکاتەوە ، تا من بژیم تۆ دڵت هیچ نەکات . ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز ! مافی خۆتە بپرسیت ، ئەی باشە تۆ دوای ئەو هەموو ساڵانە، ئەو کلیلەی پاریسیت بۆ چییە ؟ خۆ ئەو دەفتەرەی هەتانە بە چوار کلیل دەکرێتەوە ؟

ڕاست دەکەیت ، بەڵام گوێ بگرە با چیرۆکەکەت بۆ تەواو بکەم . چوار مانگ پێش ئێستا ، شتێ رووی دا ، ڕووداوێک کە سەرەتایەک بوو بۆ نووسینی ئەم چیرۆکە ، گەر ئەو ڕووداوە نەبوایە ، قەت ئەم چیرۆکە نەدەنووسرا ، قەت پاریسی داوای لێ نەدەکردم ئەم حیکایەتە بنووسمەوە . دوو مانگ لە سەر یەک من خەونم بە هەردوو کۆپی یەکترەوە دەبینی ، هەموو شەوێ هەمان خەون .. هەمان سیناریۆ دووبارە دەبووەوە . من لە خەونمدا لە

دوورەوە هەردوو کۆپی یەکترم دەبینی ، یەکی موکەبەرەیەکی گەورەیان بە دەستەوە بوو، ئەوان لە شوێنێکدا بوون و من دەمویست بچم بۆ لایان و نەمدەتوانی . لەوە دەچوو موکەبەرەکەی دەستیان بە باشی ئیش نەکات . دەیانوویست شتێ بە من بڵێن و نەیاندەتوانی. من لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا هەموو شەوێ بۆ ئەوە دەنووستم کە بزانم ئەوان چی دەڵێن ؟ هەموو شەوێ بە نیازی ئەوە سەرم دەکردە سەر سەرین تا بگەمە ئەوان و نەدەگەیشتم . تا دوو مانگ پێش ئێستا ، ئێوارەیەکی غەمگین، ئێوارەیەک تەمێکی چڕ شەڕی بە دونیا دەفرۆشت، هەر لە خۆمەوە وەک یەکێ پێم بڵێ چوومە ناو ژووری دڕکەکانەوە، ئەو ژوورەی کە جاران خۆمم تیا دەشاردەوە ، ئەو شوێنەی کە هەموو دونیام لێوە دەبینی و کەسیش منی نەدەبینی ، ئا لەوێدا نامەیەکم دۆزییەوە کە بۆ من نووسرابوو . دەست و خەتی سەر زەرفەکەم نەناسییەوە، بەڵام کە نامەکەم کردەوە ، ئای خوایە ! دوو کلیلی تیا بوو ، دوو کلیلەکە هی هەردوو کۆپی یەکتر بوون ، کە لە کاتی وون بوونیاندا لە ملیاندا بوو. من لێرەدا هیچ شتێ لە ناواخنی نامەکە ئاشکرا ناکەم ، هەڵیدەگرم بۆ ئەو کاتەی یەکێک ئەو کلیلەی پاریسیم بۆ دێنێتەوە ، لە پاداشتی ئەو چاکەیەدا ، من ئەم نامەیەی پیشان دەدەم ، نامەیەکی هێندە گرنگە کە نهێنییەکی زۆر گرنگی ئەو کاتە ئاشکرا دەکات .

من ئەوە ماوەیەکی زۆرە لە خۆشیدا خەوم لێ ناکەوێت، بەڵام ئێستا هیچ ناڵێم ،

نا، هیچ ناڵێم ، کە بوون بە سێ کلیل ، ئینجا پاریسی بیری لەوە کردەوە کە کلیلەکەی خۆیم بۆ بنێرێتەوە تا دەفتەرەکە بکەمەوە.

وەک لە سەرەتاشدا باسم کرد کە ئەو ئێوارە غەمگینەی کە هەردوو کۆپی یەکتر دیار نەمان، بۆ من گرنگییەکی تایبەتی هەبوو ، ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە هەرچوارمان لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ منداڵانی ئەندامدا وا بڕیار درا کە لەگەڵ ئەوەشدا کە من گرِ درابووم ناوم هەر بچێتە ناو دەفتەری ڕیکۆردەکەوە، چونکە خەتای منی تێدا نەبووە و سیحربازەکە منی ئاشکرا کرد. ئەو ئێوارەیە دەبوایە هەر چوارمان کۆببینەوە و دەفتەرەکە بکەینەوە، بەڵام ئیتر ئەوان دیار نەمان.

ئەوا بۆ ماوەی بیست ساڵ دەبێ ، من لە لای خۆمەوە دەفتەرێکی ترم دروست کردووە، ناوی هەموو ئەو کەسانەم تێدا تۆمار کردووە کە ئەم ماوەیە ڕیکۆردیان شکاندووە، گەر ئێستا کلیلەکەم بۆ بێننەوە، ئەوا لەو دەفتەرەوە دەیگوازمەوە بۆ دەفتەری ڕیکۆردەکان ، کە من هەموو کاتێ بڕوایەکی تەواوم بەوە بوو کە هەر ڕۆژێ دێ و ئەم دەفتەرە بە کلیلەکانی دەکەمەوە. ئێستا من بۆ ساڵێک دەچێ ژنم هێناوە ، تازە بە تازە دووانەیەکمان بووە ، کوڕوکچێک . پاریسیش کچێکی هەیەو بە تەواوی تاقەتی لە پاریس چووە و حەز دەکات بێتەوە، بەڵام جارێ هێندە قەرز و قوڵەی لە سەرە، ڕەنگبێ ماوەیەکی تریشی پێ بچێت. دەنووسێ .. حەز دەکەم بێمەوە، لە شار منداڵێکی ترم بێ، منداڵێک بە کوردییەکی ڕەوان قسە بکات.

گەر وا بێ ئەوا دوو منداڵەکەی من و دووانی پاریسی، دەبنە چوار و یەکسەر دەفتەری ڕیکۆردەکەیان بە کلیلەکانەوە دەیاندەینێ و خۆیان بیبەن بە ڕێوە. پاریسی دەنووسێ .. گەر هاتمەوە پێویستم بە یارمەتی تۆ زۆر دەبێ ، چونکە من لە هەردوولا بووم . هەم ئێرەشم لە دەست داوە و هەم ئەوێش. دەنووسێ .. غەریب! ژیانی ئێمە لە دەرەوە چەشنی ئەو گەڵایەی لێ هاتووە کە لە دار و لقەکەی خۆی کەوتبێتە خوارەوە و قەتیش بەر زەوی نەکەوتبێت ، هەمیشە بۆ هەتا هەتایە بە حەواوە بێت ، هەر با بیهێنێت و هەر با بیبات. منیش بۆی دەنووسم .. نا ، وەرەوە ئازیزەکەم .. وەرەوە.من یارمەتیت دەدەم، من لەو بارەوە هەروەکو جارانم و نەگۆڕاوم ، دەزانم خەڵکی گۆڕاون، بەڵام من نا. ئەوا ئیتر ئێستا من خەریکە ئەم چیرۆکە تەواو دەکەم ، بەڵام دێر دوای دێر بڕوایەکی سەیرم لا دروست دەبێت ، بڕوای ئەوەی کە داواکردنی پاریسی لە من بۆ نووسینەوەی ئەم چیرۆکە تا بیدات بە کەسێک کلیلەکەم بۆ بێنێتەوە تەنها بەهانەیەک بوو هیچی تر دەنا خۆی بە هەچ شێوەیەک بووایە ئەو کلیلەی دەگەیاندەوە دەستم بە بێ ئەوەی ون بێت ، بەڵام ئەو حەزی کرد کە من ژیانێک بنووسمەوە کە لە پەراوێزی کارەساتەکانیدا خەریک بوو ون دەبوو، حەزی کرد چیرۆکێک زیندوو بکەمەوە، کە دڕکەکانی جاران لە بینەقاقای چەقیبوو.

ستۆکهۆڵم ، ئاب، ئەیلوول 2005، ئایندە ، ژمارە66

# ئەو پیاوەی بوو بە بەرد

نازانم دەمناسنەوە یان نا ، من غەریبم ، غەریب ڕیکۆرد. ئەو کەسەی پەیمانم پێ دان چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسمەوە کە بوو بە بەرد. لە ڕاستیدا من هەر زۆر زوو دەستم کرد بە نووسینی ئەو چیرۆکە، بەڵام هەتا بڵێیت درەنگ تەواوم کرد، نا وا مەزانن کە زوو دەستت کرد بە چیرۆکێک ئیتر زوو تەواوی دەکەیت ، زوو دەست کردنی منیش بەو چیرۆکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە من نامە و ئی ـ مایلێکی زۆرم پێ گەیشت کە داوایان لێ دەکردم ئەو چیرۆکە بنووسم .خوێنەرێکی زۆر چیرۆکی ئەوانی وەک تێڕامانێک لە تەمەنی خۆیان سەیر دەکرد و حەزیان دەکرد دوای بکەون ، دەیانوویست بزانن ئەو پیاوە بۆ بوو بە بەرد، ئەو ژنە لەشی کەی بوو بە برین، چۆن بوو بە برین، چی لێ هات ؟ لە کوێ دەژی ؟ چۆن دەدوێ ؟ مردووە یان ماوە؟ گەر مردووە لە کوێیە تا گوڵێکی بۆ بەرن، گوڵێک بۆنی گوڵی لێ بێت نەک برینەکانی ئەو، ئەی ئەگەر چاک بووەتەوە چۆن و لە کوێیە ؟بە لێشاو پرسیارم بۆ دەهات بۆیە منیش بڕیاری نووسینی ئەو چیرۆکەم دا، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە حەز

دەکەم ئەوە بڵێم کە من دوای نووسینی ئەو چیرۆکە نازانم و سەرم لێ شێواوە، نازانم ئەمەی نووسیوومە حیکایەتی ئەو پیاوەیە کە بوو بە بەرد، یان سەرگوزشتەی ئەو ژنەیە کە بوو بە برین، یان چیرۆکی خۆمە کە لە نێوان بەرد و بریندا جێگایەک بۆ خۆم نادۆزمەوە ناو درکەکان نەبێ. بۆیان دەنووسیم ، دەیانووت بینووسە، ئەو چیرۆکە بنووسە تا ئەو پیاوەی بوو بە بەرد نەمرێ، چیرۆکەکەی تۆ زیندووی دەکاتەوە، ئەو ژنە بنووسەوە کە بوو بە برین، چیرۆکەکەی تۆ نایەڵی وا بە ئاسانی لەم دونیایە بچێتە دەرەوە، دەیانووسی لە دایک بوونی مرۆڤ هەروها ئاسان نییە دەبێ لێدەرچوونیشی هەروا ئاسان نەبێت، ئاخر نابێ ئێمە بەو زەحمەتییە بێینە ژیانەوە، بەو هەموو گرێ یەوە بیەسرێینەوە، لایەقی ئەو هەموو خۆشەویستییە بین، ئەو هەموو نوورە لە دڵماندا بێ، لە چاوماندا ئەو هەموو جوانییە، ئێشەکانمان، خەونەکانمان نیوەی زیاتری مابێت، کەچی دەرچوونمان لێی وەک بڵقی سەر ئاو بێت.

نا ئازیزان! درۆیە، پێم مەڵێن چیرۆکەکەی تۆ ئەوان دێنێتەوە ناو ژیان ، نا، من لە ناو درکەکاندا گەورە بووم دەزانم وا نییە، تازە ئەو پیاوەی کە بوو بە بەرد، بوو بە بەرد، هیچ شتێ نایکاتەوە بە گۆشت و خوێن، ئەم ژنەش کە هەموو لەشی بوو بە پارکێک لە برین ، تازە هیچ چیرۆکێک نایکاتەوە بەو ژنەی جاران کە من ڕۆژێ لە ڕۆژە تارییکەکانی ژیانمدا وێنەکەیم لە سەر ڕاپیۆیەکی شکاودا دۆزییەوە .منیش غەریب ، غەریب ڕیکۆرد ، هێندە درک بە خەیاڵمدا چەقیووە قەد ناتوانم بیمەوە بەو غەریبەی جاران کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ویستم

ڕیکۆرێک بشکێنم و نەیانهێشت و چارەنووس دوای چەند ساڵێک تووشی نووسینی چیرۆکێکی کردم کە قەت تەواو نابێت. کە نازانم چۆن دەستی پێ بکەم و لە کوێوە بینووسم و لەکوێدا کۆتایی پێ بهێنم.

وەک وتم چیرۆکەکەم درەنگ تەواو کرد ، وا مەزانن درەنگ تەواو کردنی دەگەرێتەوە بۆ تەمەڵی، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ژنە ، کە هەفتەی جارێک یان دووان دەهات بۆ لای پەیکەری مێردەکەی لە پڕ دیار نەما. ماوەی چەند ساڵێکی زۆر بە بەردەوام دەهات، بە بەردەوام فرمێسکی دەڕشت و لەو پەیکەرەی دەڕوانی، بە تۆپەڵێک برینەوە کە هەوڵێکی شێتانەی دەدا دایانپۆشێ و نەبینرێن، بەڵام من دەمبینین. لەو ژوورەوە دەمبینی کە لە ناو دڕکەکاندا دروستم کردبوو. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەندەها جار برینەکانی زیادیان دەکرد و بە قورسی هەنگاوی هەڵدەهێنا ، جاری واش هەبوو برینەکانی لە پڕ ووشک دەبوون و وەک پەپوولە هەڵدەفڕی نووقمی لەنجەولار. من لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا چەند جارێکی کەم قسەم لە گەڵدا کردبوو ، هەندێ جاریش شووشەیەکی چکۆلانەم لە شیری دڕکەکان بۆ ئامادە دەکرد و لە بەرپێی پەیکەرەکەدا بۆم دادەنا. چیشی دەووت لای خۆم دوایی تۆمارم دەکرد. ئەو منی باش دەناسی، دەیزانی یەکێک هەیە لە ناو دڕکەکانەوە سەیری دەکات، یەکێ هەیە ئاگای لە حیکایەتی بەردبوونی مێردەکەیەتی. یەکێ هەیە ئەو برینانەی جەستەی دەبینێ، کە هێندە قایم حەشاری دەدان، هیچ چاوێک نەیدەبینی، چاوی من نەبێ. کەسێ هەیە هەندێ جار قسەی بۆ دەکات، هەندێ

جار دڵی دەهاتەوە، بەڵام دڵدانەوە و قسەکانی بۆ ئەم وەک دەزوویەکی باریک وان کە برینێکی قووڵی پێ بیەستی کە مەحاڵە بیەسترێ .

من چیرۆکنووس نیم ، بۆیە نازانم چیرۆک چۆن بینا دەکرێ ، حەزیشم زۆر لەو چیرۆکانە نەماوە کە لە سەرەتاوە خل دەبنەوە بۆ کۆتایی . بۆیە من داوای لێ بووردن لە خوێنەر دەکەم و دێم لە ناوەڕاستەوە دەست پێ دەکەم ، دوایی دەیبەمەوە بۆ سەرەتاکان ، ئینجا بۆ ناکۆتایی ، بۆیە دەڵێم ناکۆتایی چونکە ئەم چیرۆکەی من کۆتایی نییە، بەهەر حاڵ من هەر دەبێ بینووسم چونکە پەیمانم داوە و پێم جوانترە بیبەمە سەر تا حەیام نەچێ.

## ناوەڕاستەکان

چەند ساڵێکی زۆر تێپەری و ڕۆژێک وەک وتم ژنەکە لە پڕ دیار نەما، زۆر چاوەڕوان بووم بێتەوە و بیبینمەوە ، بەڵام نەخێر نەهاتەوە ، ناچار بووم دوای بکەوم تا بیدۆزمەوە . بەڵام بۆ کوێ ؟ من هیچ ئەدرێسێکم لا نەبوو تەنانەت دوای سێبەرەکەشی بکەوم نەک خۆی ، هیچ ناونیشانێکم نەبوو بمگەێنێتە لای . لە ناو بەیاز و نووسراوەکانمدا گەڕام ، سەفەرێکم کرد هەوڵ دەدەم لێرەدا بۆتان بگێڕمەوە.

من لە ناو بەیاز و نووسراوەکانمدا بۆ دۆزینەوەی ژنەکە سەرە دەزوویەکم دۆزییەوە کە هەر لە خەیاڵ و ئەفسانەدا هەبوو، سەرەدەزوویەکی باریک خۆم

دایە دەستی .من هەر لە خۆمەوە هەندێ شوێنم تۆمار کردبوو کە خۆشم نازانم بۆچی یادداشتم کردبوون ، بەڵام لە ژنەکەم بیستبوو . ئەوەی نەدەهات بە خەیاڵمدا ئەوە بوو کە ڕۆژێ بێ و ناچار بم بەکاریان بهێنم و بیانکەمە ڕێگایەک بۆ گەڕان بە شوێن ئەودا . هەندێ شوێن کە لە وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەچێت بە کامیرایەکی خراپ گرتبێتت و بیرت چووبێتەوە کە هی تۆیە ، یان ڕووت نەیەت پێشانی کەسی بەیت، نەتزانیبێ و هەر لە خۆتەوە دەستت بەری کەوتبێت و بە خوار و خێچی شوێنێک گیرابێت، شوێنەکانیش کە من تۆمارم کردبوون ، هەر وا بوون . ڕێگایەکی ئاڵۆز بوو ، من لەو کاتە کەمانەدا کە قسەم لە گەڵ ژنەکە دەکرد ، هەموو شتێکم لای خۆم دەنووسی ، بە تێکەڵ و پێکەڵ دەمنووسی ، لە شوێنی جیاواز _ جیاواز دامدەنان ، بەڵام دوای بە یەکتر بەستنەوەی ئەو ڕێگایانە زیاتر نەخشەیەکی سەیری بۆ وێنە کردم. من قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە کە ژنەکە ڕۆژێ دێ و دیار نامێنێت . بیرم لە ون بوونی خۆم کردبێتەوە ، هی ئەوم نەکردبووەوە ، نازانم بۆ ؟ ڕەنگە هی ئەوە بێ کە حەزم کردبێ ڕۆژێ بێ و بیکەمە چیرۆکێک . هەرچەندە من هیچ پیلانێکی وام نەبوو، کە دیار نەما وام زانی خەیاڵی چیرۆکێکم لێ دزراوە ، کە دیار نەما وەک ئەوە وا بوو نووسینێک هی تۆ بێ و یەکێکی تر ناوی خۆی لەسەر دابنێت. من بەم شێوەیە هاتنی ئەو ژنەم تۆمار کردبوو / بە پێ دووهەزار هەنگاو دەنێم و دەگەمە لێژاییەک ، بەرێک هەر لەوێدا دەکەوێتە خوارەوە بۆ چاڵاییەک کە لە دوورەوە لە شتێکی سەیر دەچێ . هەمیشە کە

دەگەمە ئەوێ بەرێک دەکەوێتە خوارەوە .. سەیرە نازانم بۆ ؟ پێش ئەوەی هەنگاو هەڵبێنم دەنگی پێی ئەسپێک کە لە خوورەی باران دەچێ دێتە گوێم ، ئەو ناوە بە دڵۆپێک فرمێسکەوە جێ دێڵم و دەڕۆم.

دوای دووهەزار هەناسە ، دوو هەزار چاوترووکان دەگەمە لا ڕێییەک کە هێندە باریکە ئاگام لە خۆم نەبێ دەکەومە خوارەوە و دەبم بە دووهەزار پارچەوە . ماوەی سەعاتە ڕێیەک دەگەمە شەقامێک ، چوار ئۆتومبیل بەلامدا تێدەپەڕن ، چوارەمیان گەنجێکە بۆڵە بۆڵێک دەکات و هەر لە خۆیەوە دەستێکی نارەزایی بەرزدەکاتەوە لە بەردەممدا سووکی دەکاتەوە بەڵام ناوەستێ ، چوارەمیان هەمیشە بۆڵەیەک دەکات بۆ ؟ سەیرە .. نازانم . پێنجەم دانە دێ دوای پێنج هەناسە بێ ئەوەی دەستی لێ ڕابگرم دەوەستێ ، دەڵێ فەرموو سوار بە بۆ شار دەچم ، لە سەر سەدەکە ڕاتدەگرم . منیش دەڵێم بەڵێ .. بەڵێ هەر بۆ ئەوێ دەچم . دوای سەعاتێک لێخوڕین دەگەینە چایخانەیەکی لاڕێ بۆ پشوو ، چایچییەکی غەمگین ، دیژلەمەیەکی گەرمم بۆ دێنێ و دەڵێ بە داخەوە شەکری کلۆمان نەماوە ، چاوەڕێم کوڕەکەم لە شارەوە بۆم بێنێ ، بەڵام گەر دەتەوێ هەنگوینمان هەیە . منیش دەڵێم ، نا ، سوپاس ، چایەکە بە تاڵی دەخۆمەوە ، ئەویش دەڕوا ، تا چایەکە بێنێ ، لە بەر خۆیەوە دەڵێ .. ئەی ئەوە کوڕەکەم بۆ نەهاتەوە؟

دەکەوینەوە ڕێ، دوای سێ سەعات لە سەر سەدەکە دادەبەزم ، هەر کە دەگەمە سەر سەدەکە باران دەبارێت ، هەمیشە کە دەگەمە ئەوێ باران دەبارێت ، سەیرە

.. نازانم بۆ ؟ نیو سەعاتێ بە پێ دەگەمە ناو دڕکەکان لە بەر دەم پەیکەری بەردینی مێردەکەمدا فرمێسک بەرچاوانم دەگرێ و غەمێکی چڕیش بەر دڵان. ماوەیەک لەگەڵ پەیکەرەکەدا دەدوێم ، بەردێک کە هەست دەکەم گوێی لێمە. دوایی دەڕۆمەوە ، دوای نیو سەعات دەگەمە سەر سەدەکە ، هاوین بێ یان پایز، زستان بێ یان بەهار هەمیشە کە دەگەم باران دەبارێ .هەر لەوێدا چوار ئوتومبیل بەلامدا تێدەپەڕن دوای ئەوەی چوارەمیان بۆڵەبۆڵێک دەکات کە تێ ناگەم ، هەر لە دوای پێنجەم هەناسە ئوتومبیلێکی تر دێ ، بێ ئەوەی دەستی لێ ڕابگرم دەوەستێ ، دەڵێ فەرموو گەر بۆ خەیاڵی ناو باخان دەچی سوار بە ، من بەوێدا تێدەپەڕم . بەڵێ .. بەڵێ پێش ئەوە دادەبەزم .دوای سێ سەعات لێخوڕینی بێووچان دەگەینەوە چایخانەکەی لاڕێ ، چایچییەکە چایەکی تاڵم بۆ دێنێ .. دەڵێ کوڕەکەم لە شار نەهاتۆتەوە بەڵام هەنگوینمان هەیە.
ـ نا قەیناکا ، هێندە دڵم پڕە بە تاڵی دەیخۆمەوە ، نە شەکرم دەوێ، نە هەنگوین.
دوای پشوویەکی کەم دەڕۆین ، دوای سەعاتێک لێخوڕین من سوپاسی دەکەم و دادەبەزم ، دیسانەوە بە پێ سەعاتێک دەڕۆم ، دەگەمە لاڕێیەک کە هێندە باریکە خەیاڵ بمباتەوە دەکەوم و بڕوا ناکەم نەبم بە دوو هەزار پارچەوە، دوای دوو هەزار چاوتروکان ، دوو هەزار هەناسە دەنگی پێی ئەسپێک لە دوورەوە دێتە گوێم هەر لەویا بەردێک دەکەوێتە خوارەوە . هەمیشە لەویا .. لەو بەرزییەوە کە

منی لێم بەرێک دەکەوێتە خوارەوە، بۆ ؟ سەیرە نازانم . بەپێ لەوێوە دوو هەزار هەنگاوم دەوێ تا دەچمەوە ماڵەوە .. بۆ کاوڵ بوومەکەی خۆم.

ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز! ئاگایەکی باشت لەو شپرزەییەی من هەیە لە پێکەوە بەستنەوەمدا بۆ ئەو ڕێگایەی کە هەتا بێ ، لە ئەفسوون زیاتر دەچێ وەک لە ڕێگایەکی ئاسایی ، ژنێکی ئاسایی کە بێ بۆ لای مێرێکی ئاسایی . باش دەزانی کە دەرەنگ تەواو کردنی منیش بۆ چیرۆکەکە ناگەڕێتەوە بۆ تەممەڵی، بەڵکو وەک وتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژنەکە لە پڕ دیار نەما . تەنها ڕێگایەکیش بۆ من ئەوە بوو کە دوای بکەوم و هەوڵ بدەم بیدۆزمەوە .منیش هەروام کرد ، هەمان ڕێگام گرتە بەر ، ڕۆژێکی گەرمی هاوین بوو ، گەیشتمە سەر سەدەکە ، لەپڕ باران باری . سەرێکم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان ، بڕوام بە چاوی خۆم نەکرد تا چەند دڵۆپێک پڕژانە ناو چاومەوە ، جا زانیم ئەو ڕێگایەی گرتوومەتە بەر ڕاستە .من جاران چەندەها جار گەیشتوومەتە سەر ئەم سەدەیەو باران نەباریوە. کەچی ئێستا چونکە ئەو نەخشەیەم لە گیرفاندایە ، دونیای ئەو ون بووانەم لە مێشکدایە، باران دەبارێ .. سەیرە. چوار ئۆتۆمبیل یەک لە دوای یەک هاتن کە چوارەمیان گەنجێک بوو هەرکە دەستی نارەزایی بەرزکردەوە و بۆڵەبۆڵێکی کرد من کۆڵێک دڵم کرایەوە .پێنجەم دانەیان دوای پێنج هەناسەبە بێ ئەوەی دەستی لێ ڕابگرم لە بەردەممدا وەستاو تا چایخانەکەی لاڕێ نەوەستاینەوە ،

چایچییه غەمگینەکە کە من یەکەمجارە دەیبینم ، بە دەم و چاوێکی ترساوەوە چایەکی تاڵی بۆ هێنام و پێش ئەوەی دەم هەڵبهێنێتەوە من هەواڵی کوڕەکەیم لێ پرسی ، وتی نەخێر تا ئێستا نەهاتووەتەوە ، دەبوایە شەکر بکڕێ ، شەکری کەللە، بۆ دیار نییە نازانم ؟ بەڵام هەنگوینمان هەیە ، هەنگەکان خۆم بەخێویان دەکەم ، وتم باشە کەوچکێ هەنگوین خراپ نییە . دوای چایەکە ڕۆشتین ، دوای سەعاتێ لێخوڕین ، بە بیدەنگی من دابەزیم ، دیسان بە پێ سەعاتێکی ترم ویست تا گەیشتمە ئەو لاڕێیەی کە هێندە باریک بوو ئاگام لە خۆم نەبوایە دەکەوتمە خوارەوەو وەک شووشە دەبووم بە دووهەزار پارچەوە . دوای دوو هەزار چاوترووکان ، دوو هەزار هەناسە ، دەنگی پێی ئەسپێک هەرچەند خۆم کپ کرد و گوێم شل کرد نەهاتە بەر گوێم .دڵم خورپەیەکی کرد ، هەرلەویا بەرێک کەوتە چاڵاییەکەوە کە لە دوورەوە هەر لە دێو دەچوو ، لەوێوە بە پێ دووهەزار هەنگاو ئاواییەکم دۆزییەوە ، ئاوایی چی ؟ چەند ماڵێکی بەسەریەکدا ڕووخاو بەسەریەکدا داڕماو، بێ خزمەت .. بەجێماو لە سەفەری ڕۆژ ، ( لە سەفەری شەو ) . ئەو ماڵە ڕووخاوانە .. سووتاوانە وەک چەند دەستە خوشکێک بە سەرغەمی یەکترییەوە تا ئەبەد گریا بن و ژێر نەبووبنەوە ، بە چەشنێک تێکەڵاوی یەک بوو بوون وەک ئەوەی لە بەر ئازار باوەشیان بە یەکدا کردبێ زەحمەت بوو بزانی کامە ماڵی کێ بووە . لەوێدا زۆر گەڕام .. لەبەر فرمێسک چاوم عەرزەکەی نەدەبینی ، ژوورێکم دۆزییەوە ، بۆنی برینی لێ دەهات ، ژوورێکی نیوە چۆڵ ، لەسەر زەوییەکە دۆشەکێک

ڕاخرابوو كه قه‌وزه‌و كرم تێی دابوو، هه‌رله‌وێدا وێنه‌یه‌كم له سه‌ر ڕاپیۆیه‌كی شكاوی بێ پیل دۆزییه‌وه ، وێنه‌ی ژنه‌كه بوو له‌گه‌ڵ مێرده‌كه‌یدا ، پێش ئه‌وه‌ی ئه‌ویان بیێ به به‌رد و ئه‌میان به برین . جا زانیم ئه‌م ژووره ژووری ژنه‌كه‌یه، لێره بووه و ژیاوه ،ئه‌ی ئێستا له كوێیه؟

## سه‌ره‌تاكان

كوڕی خۆم ! ئه‌م مێرده به‌رینه‌ی من ئێستا وای مه‌بینه بووه به‌م په‌یكه‌ره‌و ناجوڵێ ، وای مه‌بینه كه هیچ ناڵێ هی ئه‌وه‌یه عاشقێكی سارد و سڕه‌و كوڕی به‌فرو نه‌وه‌ی سه‌هۆڵه. ئێمه هێنده عاشقی یه‌ك بووین هه‌ر مه‌پرسه . ئه‌م نه‌گبه‌ته‌ی من ده‌بوایه گره‌و له‌نۆزده كه‌س بباته‌وه كه له یه‌ك كاتدا هاتبوون بۆ داخوازی من. به خۆیه‌وه بیست ، باوكم كه‌گه‌وره‌ترین زه‌وی و زاری باخچه‌ی گوڵی هه‌بوو ، ناسراو بوو هه‌ر له خۆرهه‌ڵاته‌وه تا سه‌ر سنوور . پێی وتن بچنه باخچه‌كانمه‌وه ، كێ گوڵی زیاتر بچنێ بۆ كچه‌كه‌م به‌وی ده‌ده‌م . به‌وه‌ی ده‌ده‌م كه له هه‌موو كه‌س زیاتری خۆش ده‌وێ ، ڕێزی زیاتر ده‌گرێ . ئێوه وا ده‌زانن كچ خۆڕاییه مردووتان نه‌مرێ ، به ده‌ست ماچ كردنێك و تۆزێ ئاڵتوونی حیز ده‌تانه‌وێ بیبه‌ن ، گه‌ر ده‌زانن كچ چه‌ند شیرینه ، قه‌ت كفری وا ناكه‌ن له باوكی داواكه‌ن.

کەوتنە ناو باخچەکانەوە ، لە ناو گوڵەکاندا ون بوون ، پاش سەعاتێک دوو سەعات بە دەست و پلی خوێناوییەوە ، بە خۆیان و چەپکێکی گەورەوە ، دلێرانە هاتنە بەر دەمی باوکم . باوکم هەموویانی ژمارد نۆزدە کەس بە نۆزدە چەپکی گەورەو قەشەنگەوە ، بە زەردەخەنەو شەرمێکی زاوایانەوە .ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بیستەمیان کرد کە نەگبەتەکەی من بوو ، دوو ڕۆژ لە چەپک کردنی گوڵ نەوەستا . بێ خەو و بێ خۆراک ، دەتووت بەڕۆژووە لە هەموو دونیا . من ترسام ئەو ئیدی نەیەتە دەرەوە و بووبێ بە یەکێ لەو گوڵانە ، ترسام لە شوێنێکدا چەقی بێ و ئیتر نەیبینمەوە ، گوڵێکی سووری چاو عەیار هەڵی خەڵەتاندبێ و لای خۆی هێشتبێتییەوە . تا باوکم بەزۆر هێنایە دەرەوە ، وتی وا بڕوا گوڵ نایەڵی لەم ناوە ، وەرە کچەکەمت بەمێ هەر بۆ تۆ باشە. ئەم مێردە بەرینەی من پیاوێک بوو لە خەونیدا شەڕی لەگەڵ ڕەشەباکان دەکرد تاقە کەسێک بوو کە هیچ خەونێکی نەبینیووە ڕەشەبای تیا نەبێ . جارێکیان لە خەونیدا گەردەلوولێکی بەند کردبوو ، دەنگێ لەناو گەردەلوولەکەوە پێی وتبوو ، بەرەڵام کە ، نهێنییەکت پێ دەڵێم . ئەویش بەرەڵای کردبوو . دەنگەکە پێی وتبوو ، بڕۆ خێرا ، فریای ژنە خۆشەویستەکەت بکەوە تا نەمردووە .من ئەوسا بۆ سەردانی خزمان ، چووبووم بۆ کانی عاشقان ، ڕەنگی زەردهەڵگەڕابوو کە گەیشتە لام .کە منی لەو ناوە دوورخستەوە ، یەکەم برین لە سەر لەشم دروست بوو ، وتی .. ئەوە چییە ؟ ئەو برینە لە گوڵ دەچێ.

کوڕی خۆم ! ئەم برینانە وازیان لە من نەهێنا ، هەموو ڕۆژێ زیاتیان دەکرد . ماوەی چەند ساڵێک ئەو پیاوە بەردینەی من سەدەها دوکتۆری بردم ، بە هەزارەها مەڵحەم و ڕۆنی بۆ پەیدا کردم . هەر لە پەیدا کردنی ڕۆنی زەیتوونی باخچەکانی ئەدەنەوە ، تا ئاوی پیرۆزی مەرکانەکانی تیبێت . سوودی نەبوو کوڕم .. سوودی نەبوو. ئەو گوڵانە چەشنی خەم و خەفەتی دونیا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندا بوون . تا جارێکیان لە نیوە شەودا لە خەو ڕاپەڕی وەک هەمیشە خەونی بە ڕەشەباکانەوە بینیبوو ، ئەم جارە دەنگەکە باسی دڕکەکانی کردبوو ، دڕکەکانی سیحربازێکی شار کە هەر نیو سەعات لە سەدەکەوە دوورە ، باسی ئەوەی کە ئەو دڕکانە دەگمەنن ، جۆرە شیرێکیان تیایە کە برینەکانی لەشی ژنەکەت تیمار دەکەن ، خۆی گۆڕی و باوەشێکی گەرمی پێدا کردم و وتی زوو دێمەوە ، بەڵام ئیتر من نەمبینییەوە.

**نا کۆتاییەکان**

وێنەکەی سەر ڕاێوکەم هەڵگرت و گەڕامەوە . وێنەیەکی جوانی پیاو و ژنەکە بوو لە کاتی گەنجییاندا ، لەو کاتە کەمانەدا کە ژیان کەمێک بۆت پێدەکەنێ و ئیتر تەواو نایبینیتەوە ، دەستیان خستبووە سەر شانی یەکترو ئاوڕێکی سەیریان لە یەکتر دابووەوە . کە وێنەکەم خستە گیرفانمەوە ، هەستم بە دڵە لەرزەیەک کرد ، ترسێکی لە ناکاو هەموو گیانمی گرتەوە ، ترسام ژنەکە

مردبێت و من فریای نەکەوتبم . دوای دوو هەزار هەنگاوگەیشتمە هەمان ئەو لێژاییەی کە لێوەی بەردێک هەر لە خۆیەوە تا چالاییەکی زەبەلاح ناوەستێتەوە . لەوە دەچێ هەمیشە بەردێک لەوێ وەک سرووشت فەرمانی پێ دابێ بکەوێتە خوارەوە تا وەک ناونیشانێکی گەردوونی بەکاری بێنێت .ئیدی دوای ماوەیەک گەیشتمە سەر شەقامەکە . پێنجەم ئۆتۆمبیل منی هێنایە چایخانەکە . کە چایچییەکەم بینی یەکسەر وتم هیوادارم بەم زوانە کوڕەکەت بێتەوە . وتی.. وەی بەساقەی دەمت بم ، تووخوا ئەوە بۆ نەهاتەوە ؟ زۆری بیر دەکەم .با چایەکت بۆ بێنم بە هەنگوینەوە ! نا تووخوا دڵم هێندە پڕە ، بەتاڵی دەیخۆمەوە . دوای سێ سەعات لێخوڕین بە بێدەنگی ،گەیشتینە سەر سەدەکە هەر کە دابەزیم و خواحافیزیم کرد ، ئەو ڕۆشت و باران نمە نمە باری. نیو سەعاتم ویست تا گەیشتمە ناو دڕکەکان . چوومە ئەو ژوورەی کە من کاتی خۆی لە ناو دڕکەکاندا دروستم کردبوو ،ئەو شوێنەی کە هەمیشە بە منداڵی بۆ چاوشارکێ خۆم لێ دەشاردەوە ، ئەو جێگایەی کە هەموو کەسێک و هەموو شتێکم لێوە دەبینی و کەسیش منی نەدەبینی . بە چیچکانەوە دانیشتم و وەک ئەسپێک هەناسەی سواربوویێت ، ئاوها دامە پڕمەی گریان.

ئێستا ئەی خوێنەری ئازیز ! مافی خۆتە بپرسیت ، باشە تۆ بۆ زوو یارمەتیت نەدا ، پێش ون بوونەکەی بۆ فریای نەکەوتی، بۆ بەکەسێکت نەوت ، بەلایەک ..لێپرسراوێک .. دەست ڕۆشتوویەک . بەکێم بووتایە ، ها ، پێم بڵێن ..بە کێ ، ڕاست بن لەگەڵمدا ، کێ ئاگای لە خەمی کێیە ؟ جاران مرۆڤی کورد دەستی لە

سەر دڵی بوو، ئێستا دەستی لە سەر گیرفانێتی، بەکێم بوتایە .. ها ؟ بەڵام خۆم لە لای خۆمەوە پیلانی زۆرم هەبوو بۆ یارمەتیدانی، بەڵام قەت بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕۆژێ دێ و بەو شێوە کت و پڕە دیارنامێنێت . ئەو هەموو ساڵانە ، هەفتەی جارێک ، یان دوو جار دەهات بۆ لای مێردە بەردینەکەی. نەدەبووایە نەیەت ، نەدەبووایە ون بێت .کە ون بوو ، من بە هۆی ڕۆمانی پاریسی هاوڕێمەوە ئەو دوکتۆرەم دۆزییەوە کە کاتی خۆی ڕۆمانی چاک کردبووەوە، بیرتانە ؟ ئەو دوکتۆرەی هەموو شتێکی بە خۆڕایی بۆ پاریس دەکرد.چوومە لای و چیرۆکی (نووسینەوەی دڕک ) م پێ داو وتم ئەمە بخوێنەوە، بەیانی دێمەوە بۆ لات ئیشم پێتە. کە بەیانی چوومەوە هەر لە دوورەوە بەرەو ڕووم هات و باوەشی پیا کردم و وتی فەرموو چیت هەیە بیڵێ. کە قسەی دەکرد دەنگی لە دوو پارچە ئاسن دەچوون لە یەکتری بخشێنیت .منیش چیرۆکی ئەو ژنەم بۆ گێڕایەوە . ئەویش پەیمانی پێ دام کە یارمەتی بدات . وتی بچۆ بزانە لە کوێیە ، بیدۆزەرەوە ، یان بیهێنە بۆ ئێرە ، یان پێکەوە دەچینە لای و من دەزانم چۆن تیماری دەکەم.

بەڵام من نەمدۆزییەوە . لە ناو بەیاز و نووسراوەکانمدا گەڕام ، ئەوە بەڵکو خوایە شوێنێکم تۆمار کردبێ و بێ ئاگا نەمبینیبێ ، زۆر بە وردی گەڕام ، چەند جارێکیش چووم بۆ کانی عاشقان و پیرە محمد، سەیرە لەوێش کەس چیرۆکی ئەوی نەبیستبوو ، کەس نەیدەناسی ، وێنەکەیم لەگەڵ خۆمدا دەبرد و پیشانم دەدان ، دەیان وت کەسی وا ناناسین ، ئەمە کێیە خوایە ؟ تۆ بڵێیت

ئەمە حەلیم بێ، تۆ بڵێی ئاسکە خان بێ ، نەزیر بێ ، گوڵزار بێ ، ئەمە کێیە ؟ باسی زەوی هەزار بە هەزارەکەی پڕ گوڵی باوکی ژنەکەم دەکرد کە ناسراوبوو ، دەیانووت لەم ناوە زەوی و زاری وا نەبووە . ڕەنگە هەبووبێ و سووتابێ .. کەس نازانێ ، ئەم ناوەی لای ئێمەوە شتی زۆر بەسەر هاتووە ، بەڵام ئەو برینانەی سەر جەستەی کە تۆ باسی دەکەیت بە ئێمە زۆر ئاشنایە . برینەکانی ئێمەش کەس نەیبینی . چەند جارێکی تریش گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی ، ئەو ژوورەی بۆنی برینی لێ دەهات ، لەوێ نەبوو . کوڕی چایچییەکەش ماڵی ئاوا بێ هەر نەهاتبووەوە شەکر بێنێ.

ئەوا ئیتر من ئێستا وا خەریکە ئەم چیرۆکە ، کە تەواو بوونی بۆ نییە ، تەواو دەکەم . هەرچەندە نازانم و سەرم لێ شێواوە . نازانم ئەمە بەسەرهاتی ئەو پیاوەیە کە بوو بە بەرد ، یان سەرگووزشتەی ئەو ژنەیە کە بە تۆپەڵێ یادگار و چاوەڕوانی و برینەوە دیار نەماو جێی هێشتین ، یان چیرۆکی ون بوونی خۆمە لە نێو دۆزینەوەی ماناکاندا بۆ نووسین ، یاخود لە یەک کاتدا چیرۆکی هەرسێکمانە ، سێ کەس کە هەر یەکەمان قاشێکی گەورەتری بەردەکەوێ لە کێکێک کە سەرەکەی پڕێتی لە بایەمی تاڵ.

حوزەیران2006

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوکراوەتەوەژمارە71 ئازاری2007

# حوزنی میوانێک بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات

ئەوە دیسانەوە منم ، غەریب ریکۆرد ، بێ ئەوەی پەیمان بە کەسێ بەم هاتمەوە گۆ. دەزانم چیرۆکی تەواونەکراوی ئەو کوڕە چاپچییەی نەهاتەوە بۆ لای باوکی بووە بە مەراق لاتان، کوڕێ چوو بۆ شەکر و نەهاتەوە . دەتوانم ئەوە تێبگەم کە مرۆڤ جار بە جارێک دوای ئازاری کەسانی تر دەکەوێت و برینی دڵی خۆی بیردەچێتەوە. من هەست دەکەم حوزنێک لە چیرۆکی ون بوونی ئەو کوڕەدا هەیە کە هەمووومان پێکەوە دەبەستێتەوە، حوزنێک هێندە قووڵە هەروا ناشاردرێتەوە، حوزنێک ناکرێ هەروا بە ئاسانی بەدەم دونیاوە وەک منداڵێ پێبکەنین و پێشانی دەین هیچ ڕوی نەداوە.

من تا ئەم دواییەش هەر نامە و ئیٚ مایڵم لە خوێنەرەکانەوە لێ نەبڕاوە ، پرسیار لە دوای پرسیار ، هەندێکیان دەیاننووسی باشە تۆ بۆچی ئەو تێکستانە وەک کۆمەڵێک چیرۆک چاپ ناکەیت ؟ منیش وەڵامم دەدانەوە و دەمنووسی نا ئازیزان ، من چیرۆک نووس نیم ، من تەنها کۆمەڵێ کەسم لێ ون بوو بوو کە وام هەست دەکرد بە نووسینەوەیان دەیاندۆزمەوە ، من گەڕانە بێهوودەکانی

خۆم نووسییەوە و لە ئێوە بوو بە چیرۆک . من بە نووسینەوەی ئەو چیرۆکانە تەنها قورساییەکی گەورەم لە سەر دڵی خۆم لابرد دەنا چیم داوە بە سەر چیرۆکی کوردییەوە، من تەنها خەونم بە دونیایەکەوە دەبینی کە لەم دونیایەی ئێمە جوانتر بێ ،ئایا داواکردنی ئەوە وا زۆرە ؟

بۆیان دەنووسیم باشە تۆ لە کوێ دەژیت ؟ ناونیشانێکمان بەرێ بێین بۆ لات، دەمانەوێ ئەو دڕکانە ببینین کە جار بە جارێک لە ناو چیرۆکەکانتەوە دێتە خەونمان، ئەو ژوورە ببینین کە لە ناو دڕکەکاندا بە منداڵی خۆت لێ دەشاردەوەو ئێمەش وا بە گەورەیی لە ناویاین و چاومان لێی نییە ، ئەگەر پەیکەرەکەی ئەو پیاوەی کە بوو بە بەرد لەوێ ماوە ئێمەش حەزدەکەین بیبینین، دەمانەوێ سەرسەدەکە ببینین کە هەر دەگەیتە سەری و باران دەبارێ، دەمانەوێ گەر ئەمجارە چوویت بۆ لای چایچییەکە ئێمەش بەریت ، حەزدەکەین ئەو ژوورەش ببینین کە بۆنی برینی لێ دەهات، دەمانەوێ گەر بە دوای کوڕی چایچییەکەدا دەگەڕێیت ئێمەش بەریت تا یارمەتییەکت بەین.

نا، هەموو شتێکم لە گەڵدا دەکەن ئەمەیان مەکەن، ئەو گەڕانانە هەر دەبێ من بیانکەم، هەرچەندە ئەوە دەزانم کە بە ئازارترین گەڕان ئەو گەڕانە نییە کە کەسەکەی تیا نادۆزیتەوە، بەڵکو ئەو گەڕانەیە کە بە تەنیا دەیکەیت و لە هەرچرکەیەکدا لە ژانێکی زۆردا دڵت وەک هەنارێک بکەوێتە خوارەوە و کەسێ نەبێ لە دواوە بۆت هەڵبگرێتەوە و بتداتەوە. کە من نامەوێ ئێوە بێن هی ئەوە نییە کە پێم ناخۆشە بەڵکو هی ئەوەیە کە من تازە گەڕانی خۆم کرد و دونیام

به سەریەکدا قڵپ کردەوە ، ئەوە ئێوەن ئەم جارە دەرەنگ هاتن نەک من. ئێوە گەر بتانویستایە بێن دەبوایە زووتر بە من بڵێن، چونکە من تازە هاتمەوە و گەڕانەکەشمتان بۆ دەخەمە سەر کاغز.

هەمووشی لەو نیوە شەوەوە دەستی پێ کرد کە بێ ئاگا نووستبووم و وەک یەکێ چەپۆکێکم پیا بکێشێ ئاوها ڕاچڵەکیم و خەبەرم بووەوە. جەستەم لە ئارەقێکی ساردا شەلاڵ بوو ، دەتووت شووشەی پەنجەرەی ئۆتۆمبیلێکم لە کاتی باران باریندا ئاوها ئارەقم پیا دەهاتە خوارەوە. چەند جارێک ویستم بەزۆر خۆم بخەوێنمەوە، نەمدەتوانی.پرسیارێک نەیدەهێشت بخەوم، دەتوت قەرزاریم و هەرچاوم دادەخست ڕایدەچڵەکاندم.پرسیارەکەش هەتا بڵێی ئاسان بوو.من بۆ ماوەیەکی زۆر ، بۆ چەند هەفتەیەک لە سەر یەک هەر بیرم لەو کورە دەکردەوە ، ئەو کورەی هاتبوو بۆ شار شەکر بکڕێ و بیباتەوە بۆ باوکی، بۆ ون بوو ؟ لە کوێیە؟ بەڵام ئەو پرسیارەی کە ژیانی لێ کردمەوە بە دۆزەخ و نەیدەهێشت بخەوم ئەوە بوو بۆچی وا زوو تەسلیم دەبین و بە ئاسانی یەکتری لە بیر دەکەین و چی وامان لێ دەکات کە نەگەڕێین بە دوای یەکتردا ؟ کوڕێ لە شوێنێکی دووردەستدا دیارنامێنێ و من لێرە بۆ وا بە ئاسانی بخەوم؟

بەو نیوە شەوە دێڕی (بە ئاسانی بخەوم ) چەند جارێک لە مێشکمدا دەزرنگایەوە، وەک یەکێ لە ناو سەرمدا بە چەکووش پیامکێشێ ئاوا بە ئازار بوو.

ئای خوایە نەمدەزانی چی بکەم ؟ بیرم لە مرۆڤێک دەکردەوە یەک جار دەبێتە میوانی ئەم عەرزەو لە تەمەنێکی کەمدا بەجێی دێڵی وکەسیش خۆی ناکات بە ساحێبی .ئایا بێدەنگ بوون چەند ڕەوایە ؟ پرسیارەکان تا دەهاتن زیاد دەبوون و تا بەیانی گینگڵیان پێ دەدام . کە بەیانی هەستام وەک ئەوە وا بوو هەموو شەوەکە ڕاونرابم، هەر زوو خۆم گەیاندە چایخانەکە کە هەر سێ سەعاتێک لە سەدەکەوە دوور بوو.

من ئەو ڕێگایە هێندە پیای ڕۆشتبووم وەک بەری دەستی خۆم شارەزای بووم. چایخانەکە لە مێژ بوو نەمابوو، بە پرسیار کابرای چایچیم دۆزییەوە ، بەو بەیانییە لە ناو هەنگەکانیدا کە بەخێوی دەکردن ، گۆرانی دەووت و سەمای دەکرد .هێندە هەنگی لێ وروکابوو بە ئاستەم بۆم دەبینرا ، لە دوورەوە هەواڵی کوڕەکەیم لێ پرسی وتی تا ئێستا نەهاتۆتەوە، دەبوایە شەکر بکڕێ، شەکری کەڵلە، بۆ دیار نییە نازانم؟

ئای خوایە زۆری بیر دەکەم . کە وای وت ئیتر من زانیم ئەم پیاوە بە کەڵکی ئەوە نەماوە بە دوای کەسدا بگەڕێ .چونکە چەند مانگێک پێش ئێستا کە من بە دوای ئەو ژنەدا دەگەڕام کە هەموو لەشی بوو بوو بە برین هەر هەمان قسەی دەکرد.

ئەو ناوەم بەجێ هێشت و گەڕامەوە بۆ شار، ڕاستان دەوێ هەر کە گەیشتمە سەر سەدەکە باران باری، بڕیارم دا کە بگەڕێم بە شوێنیدا، بۆ ئەمەش چووم و یەکە بە یەکە هەموو ئەو دووکانانە گەڕام کە شەکر و چا دەفرۆشن، پرسیارم

کرد ئاخۆ یەکێکتان کوڕێکی گەنجی نەبینیووە ؟ ئاخۆ یەکێ کە ماوەیەک پێش ئێستا ویستوویەتی شەکر بکڕێ بۆ باوکی، ڕێی نەکەوتۆتە دووکانەکەتان. دەیانووت ئای کوڕم پرسیارێکی سەیر دەکەیت، ئێمە لە ڕۆژێکدا سەدەها کەس شەکرمان لێ دەکڕێ،

بۆ ڕۆژی داهاتوو چوومەوە لای باوکی، هەر منی بینی وتی کوڕەکەم تا ئێستا نەهاتۆتەوە ، فەرموو وەرە ژوورەوە با چایەکت بۆ بێنم بە هەنگوینەوە، منیش یەکسەر وتم چام ناوێ ، وێنەی کوڕەکەتم بەرێ بزانم بۆ دیار نییە بەشکوم بیدۆزمەوە، ، ئای بەساقەی دەمت بم بەخوا زۆری بیر دەکەم کوڕەکەم ! بە وێنەی کوڕەکەوە گەڕامەوە،

یەکسەر چوومەوە لای دووکاندارەکان ، بۆم باس دەکردن و وێنەکەیم پێشان دەدان ، دەیانووت کەسی وامان نەبینیووە ، پرسیاریان دەکرد و دەیانووت ئەمە کەی هاتووە شەکر بکڕێ ؟ و کەی دیار نەماوە ؟ دەمووت زۆر دەمێکە ، چەند ساڵێک دەبێ ، پێکەنینیان دەهات ، چەند ساڵێکە دیار نەماوە و تۆ ئێستا خەبەرت بۆتەوە، ئاخر باوکی بیری دەکات و هەر ئەو کوڕەی هەیە ، ئەی ئەو برای تۆ نییە ؟ نەخێر هیچی من نییە ، ئەی ئەگەر هیچی تۆ نییە هەقت بە سەرییەوە چییە ؟ ئەو پرسیارە دیسانەوە بە شەو یەخەی دەگرتمەوە و نەیدەهێشت بە ئارامی سەر بکەمە سەر سەرین.

من دەمویست بە دوای یەکتردا بگەڕێن بێ ئەوەی یەکتر بناسین تا یەکتر ون نەکەین بۆ بەیانی بە توورەییەوە دەچوومەوە و بە سەریاندا هاوارم دەکرد،

چۆن هەقم بە سەرییەوە نییە ، بۆ ئەوەندە بێ وژدانن ؟ بۆ هێندە خۆویستن ؟ لە خۆتان زیاتر بیرلە کەس ناکەنەوە ، بوو بە دەنگە دەنگی زۆر، چاک لێم توورە بوون و پاڵیان پێوە دەنام ، منیش خراپتر پاڵم دەنایەوە . شکاتیان لێ کردم و پۆلیسیان هێنا و بردمیانە پۆلیسخانە . شەوەکەی منیان هێشتەوەو بۆ بەیانی بێ لێ پرسینەوە بەرەڵایان کردم. منیش وێنەی کورەکە کە هەمبوو، بە هەزارەها کۆپیم لێ گرتەوەو بە دووکان و بازارەکاندا بڵاوم کردنەوە، هەندێکیان داخ لە دڵ وێنەکەیان دەدراند و لە بەر چاومدا قاچیان پیا دەنا، منیش ئەم جارەیان خراپتر توورە بووم . ئەوانیش دەست و برد پۆلیسیان بۆ بانگ کردمەوە و گرتیانمەوە، موفەوەزی پۆلیستان بیرە کە سمێڵێکی ناشرینی هەبوو ، هەر چەند تاڵێک بوو ، هەر منی بینی یەکسەر ناسیمییەوە وتی تۆ کوڕی ناو دڕکەکانی دەتناسمەوە. منیش وتم بەڵێ وایە .. تۆش ئەو کەسەی کە سیحربازەکەت گرت. وتی وایە ، ئەی تۆ چیت لە دووکاندارەکان دەوێت؟ بۆ وازیان لێ ناهێنی کوڕم ؟ وتم هیچم ناوێت ، تەنها پرسیارێکم لێ کردوون و ئەوانیش زۆر ناشرین وەڵامیان داومەتەوە. تۆ هێمن بەرەوە و باسی بکە بۆم .منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، وتی ئاخر ئەوە کاتێکی زۆری بە سەردا ڕۆشتووە، منیش وتم مەبەستت چییە ؟ ئینجا با کاتێکی زۆری بە سەردا ڕۆشتبێت ، ئەی دەبێ لە ونبوونی بێدەنگ بین ؟ ئەی بۆ باوکی نایەت بە دوایدا بگەڕێت ؟ باوکی لەوە دەچێت خڵەفابێت و بە کەڵکی ئەوە نایەت بە دوای کەسدا بگەڕێت .سەرێکی بادا و وتی ئاخر ڕۆڵە لەم شارەی ئێمەدا

هەفتەی بە دەیەها کەس ون دەبن کەسیش نازانێ لە کوێن ، تۆ وا دەزانی دۆزینەوە هەروا ئاسانە ، مرۆڤ بە دوای یەکێکدا دەگەڕێ کە هیچ نەبێ بوونی هەبێ تا بیدۆزینەوە ، تۆ وێنەیەکی ڕەش و سپیت لەگەڵ خۆتا هێناوەو وا دەزانی هەموو شتێکت پێیە . لیستەیەکی دوورو درێژی دەرهێنا و وتی فەرموو ئەمانە لە ماوەی ئەم ساڵدا دیار نەماون ، بیانبەرەوە بۆ ماڵەوە و بەیانی بۆم بێنەوە ، هەرچەندە ئەمەی من دەیکەم یاساغەو تووشی گرفتم دەکات ، بەڵام فەرموو ، ئەو شەوە تا بەیانی لیستەکەم پشکنی و ناوی ئەوم نەبینی ، کە بۆ بەیانی چوومەوە ، وتی وەرە با بچین بۆ ئەرشیف، لەوێش هی چەند ساڵێکی لێیەو فەرموو ئەمەش کلیلەکە بگەڕێ بزانە دەیدۆزیتەوە، چەندی لێ دەبی لێیبە . من هەفتەیەکی تەواو بە دوای ناوی ئەو کوڕەدا گەڕام ، بەڵام نەمدۆزییەوە، کە کلیلەکەم بۆ بردەوە ، وتی وەرە لە گەڵمدا ، پێکەوە بە ماشێنەکەی چووین بۆ گۆڕستانیکی دوور، وتی لێرەش ئەو کەسانەمان ناشتووە کە ون بوونەو کەسیان نەبووە لێیان بپرسێتەوە، تەنها ناوێکیش چییە لە دوای خۆیانەوە بە جێیان نەهێشتووە. بە هەزارەها گۆڕ بوون بێ ناو و ناونیشان، بێ ساڵی لە دایک بوون، بێ ساڵی کۆچ کردن ، دەتووت هەر پێیان نەکەوتۆتە سەر ئەم زەوییە بێیەختەش، وەک کۆمەڵێک میوانی ناوەخت کە بە تەنیشت ژیاندا تێدەپەڕن و کەسیش نایانبینێ و هەستیان پێ ناکات، ئازیزان ! من وا ئەم چیرۆکەم تەواو کرد ، جارێکی تر داوای چیرۆکم لێ مەکەن، با کلیلێ لەم دەرگایە بەین و نەیکەینەوە، بەشکوم کوڕەکەش نەمردبێ ، ڕەنگبێ ڕۆژێ لە

ڕۆژان له پڕ بێته‌وه ، یان چووبێ بۆ شارێکی تر یان وڵاتێکی تر ، کێ چووزانێ ، هه‌ر ئه‌وه‌ت زانی هاته‌وه بۆ لای باوکی ، ره‌نگبێ باوکی هه‌ر نه‌شیناسێته‌وه، یان تا ئه‌و کاته نه‌مابێت تا بیبینێته‌وه، نازانم ، ئه‌وه‌ی له گیرفانی مندا هه‌یه و ده‌مێنێته‌وه له وێنه‌یه‌کی کۆن و ڕه‌ش و سپی زیاتر هیچی تر نییه، ده‌ڵێی دوای تارماییه‌ک که‌وتووم که هه‌ر لێره‌ش نییه ، به‌ڵام گه‌ر وا بێت پرسیاره‌که ئه‌وه‌یه ، باشه بۆچی من تا ئێستاش ناتوانم به باشی بخه‌وم ؟

ئابی 2007-
ستۆکهۆلم

# درەوشاندنەوەی مەحاڵ

هەبوو نەبوو، دەوڵەمەندێکی شار کوڕێکی هەبوو ، هیچ لە خۆی نەدەچوو. ئەم هەتیوەی من شتێکی بۆ نەکەم لەبرساندا دەمرێ . ئەم کوڕە حەزی لە پێکەوەنانی سەرمایە نەبوو، بیری لە پارەکانی باوکی نەدەکردەوە، بیری لە قات نەدەکردەوە، چ جل بێ چ کۆشک و خانوو. حەزی لە چیرۆک و بەسەرهاتەکان بوو، بە هەفتە داتبنایە لە گوێگرتنی حیکایەتەکان ئۆخەی نەدەکرد و ماندوو نەدەبوو. تەنانەت کە دەشنووست هەر خەونی بە سەرگوزشتەکانەوە دەبینی، خەونەکانی پڕ بوون لە حیکایەت، پڕ بوون لە دێو و درنج و نهێنێکانی ئەشکەوتی حەوبرا، نەخشەی شاردراوەی ژێرزەمینی ئەسحابەسپی، نەخشەیەک کە بێ سێ و دوو دەتگەێنێتە مەملەکەتەکانی حەوت ئاسمان. حەوت جانتای نهێنی و حەوت باوەڵی پڕ خشڵ و زێڕی ون بووی بن دارتووە سووتاوەکە، دارێک کە لەمێژە بڕاوەتەوە و کەس شوێنەکەی پێ نازانێ کوێرێک نەبێ، کە لەمێژە کوژراوە و حەوت کوڕی لە دوای خۆی لێ بەجێ ماوە کە لە مێژە سەفەریان کردووەو لە حەوت وولاتی جیاوازن و حەوت ساڵە

یەکێکیان چییە بەو ناوەدا نەهاتۆتەوە، نا، ئەو قەت نەنووستووە و خەونێکی ئاسایی ببینێ، باوکە! من ئەمشەو لە خەونمدا لە ناو هەورەکاندا ماڵێکم بۆ خۆم دروست کردبوو، دیوارەکانی هەور بوو، دەرگاکەی هەور، پەنجەرەکانی هەور. دەفڕیم و وەک پەشمەک هەورم دەخوارد، هەورێکی شیرینم بە دەمەوە بوو. باوکیشی دەیووت ( ترچێو، ترچێو کوڕی شیرینم، تووخوا مەبە بە شاعیر لێم). جارێکی تر دەیووت ( بابە ! ئەم شەو لە خەونمدا پاڵتۆیەکم لەبەردا بوو لە گەڵای حەوت خەزان دروست کرابوو، دەیانووت ئەوەی پاڵتۆی وای لەبەردا بێ کە گوللەش نایبڕی قەت نامرێ. لە بازاڕێکی قەرەباڵەغدا بووم، خەڵکێکی زۆرم لێ کۆبیوونەوە، منیش نازانم بۆچی دەمویست پاڵتۆکەم مەزات بکەم، هەموو هاواریان دەکرد و قوڕیان دەپێوا، دەیانووت مەکە، مەکە شتی وا نافرۆشرێ، هەندێ شت هەن لە ژیاندا کە نافرۆشرێن، ئەم پاڵتۆیەی تۆ یەکێکە لەو شتانە، ئای خوایە پارەکەی خەیاڵی بەرز بووەوە، تا ئەو بەرزتر دەبووەوە، من پێکەنینم زیاتر دەهات.)

باوکیشی دەیووت (ئاخ کوڕم ئاخ ! خوا ئەم هەموو پارەیەی دامێ بەڵام بڕوا ناکەم بیەڵێ پشوو بەم)، باوکە جارێکیان .....کوڕم واز لەم خەونانە بهێنە چیت دەوێ بۆت دەکەم، چیم بوێ ؟ بەس بیڵێ، ئەویش داوایەکی سەیری لە باوکی کرد، شتێک جیاواز لە هەموو شتەکانی تر، شتێک کە وای لە من کرد ئەم بەسەرهاتە بنووسمەوە، بینووسمەوە و بینێرم بۆ ئەو پێشبڕکێیەی کە باوک بۆ کوڕی جگەرگۆشەی کردەوە تا چیرۆک و بەسەرهاتە سەیرەکان بخوێنێتەوە و

کەمێک بێزار و تێر بێت، ئەم کوڕە داوای کردنەوەی پێشبڕکێییەکی چیرۆکی لە باوکی کرد، پێشبڕکێییەک، کە ماوەی مانگێک مۆڵەتی نووسینێتی و هەر کوڕەکە خۆشی تاقە داوەر و تەنها ئەندامی بڕیاردەری لیژنە بێ بۆ هەڵسەنگاندن و دابەشکردنی خەڵاتەکان خەڵاتی یەکەمیش هەتا بڵێی پارەیەکی خەیاڵییە و من هەر زۆر پێویستم پێیەتی، بەڵام گەر ئێستا بڵێم بۆ چیمە، نە بڕوام پێ دەکەن و نە تێشم دەگەن بۆیە پێش هەموو شتێک دەبێ گوێ لە چیرۆکەکەم بگرن. من لەم چیرۆکەمدا دەبێ ملکەچی چەند خاڵێک بم، یەکەمیان نامەیەکی کورت بۆ کوڕەکە، نامەیەک کە تیایدا باسی ئەوە بکەم کە من چی بکەم بۆ ئەوەی بتوانم بیبەمەوە، دووەمیان چیرۆکەکە، کە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ژیانی من بێ کە بەسەرما هاتبێ، ڕاست بێ بەڵام وا بەئاسانی نەچێتە عەقڵەوە، دواجار بە کورتی دەبێ ئەوە بنووسم گەر من یەکەم بووم بەو پارەیەی کە دەیبەمەوە چی دەکەم.

## نامەیەک بۆ کوڕەکە

ئازیز ! من نازانم تۆ ناوت چییە، بەڵام هەندێ شتی سەیر و جوانم لێ بیستووی، خەونەکانتم خۆش دەوێ ، هیوادارم ئەم ڕستەیەم باوکت توورە نەکات و لە پێشبڕکێکە نەمکاتە دەرێ، من نازانم ئەو بۆ ڕقی لە خەونەکانتە؟ من

بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسم، دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان، خۆم لە خەونەکانی تۆ نزیک بکەمەوە، مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەوەی بیبەمەوە و تۆ بە دڵت بێ، دەبێ چیرۆکێک بنووسم لە ئاستی خەونەکانی تۆدا بێ و پڕ بێ لە فەنتازیا، ئای کە نووسینی چیرۆکی باش زەحمەتە، ئەوانە دەزانن کە چیرۆکی باش دەنووسن، لەوانیش باشتر ئەوانە دەزانن، کە قەت ناتوانن بینووسن، من نازانم لە کامیانم، بەڵام هیوادارم چیرۆکەکەم بە دڵی تۆ بێ و خەڵاتی یەکەم وەرگرم. هەرچەندە ئەوەشم لە بەرچاوە کە چیرۆکە باشەکان بە دەگمەن نەبێ لە پێشبڕکێکاندا نایەنەوە، بۆ نایەنەوە نازانم؟ خۆزگە وەڵامی ئەو پرسیارەم لا دەبوو بە بێ ئەوەی کەس زویر بکەم.

## چیرۆکی تیپێکی زەبوون لە کاتێکی زێڕینیدا

ئێمە لە سەرەتای هەشتاکاندا ، تیپێکی فوتبۆڵمان هەبوو کە تەنها ساڵێک ژیا، ئەو ساڵەش ساڵی زێڕینی بوو، پلەی یەکەممان بەدەست هێنا و بۆ ساڵی داهاتوو بەهۆی نەمانی گۆڵچێکەمانەوە تیپەکەمان هەڵوەشایەوە و لەبەر خۆشەویستی و ڕێزی زۆرمان بۆ هاوڕێکەمان کەسمان جارێکی ترنەچووینەوە بەلای تۆپ تۆپێندا.

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵانە کەسانێک هەن بەحاڵ وەک تەمێک ئێمەیان بیر ماوە، هەندێ جار خەڵکانێک دەبینم لەملاوئەولا ڕام دەگرن و دەڵێن _ کوڕە ئەو ئۆڤەرە چی بوو ؟ قاچت بەری نەکەوت ئەو تۆپە چۆن بەرز بووەوە، لەوبەری شەقامەکە بۆ ئەمبەر رادەکەن و دەڵێن _ ئەوە چۆن ئەو تۆپەت کرد بە ناوگەڵی سێ کەسداو گۆڵت کرد ؟

منیش دەڵێم بەخوا خۆی چوو چونکە ئێوە ڕەنگە ئەوە نەزانن کە من ئەو چرکەیە خۆڵ چووبووە چاوەوەو هیچم نەدەبینی، سەر بادەدەن. چوار ـ سێ ـ سێ ئەو سستێمە بوو کە یاریمان پێ دەکرد و ڕاهێنەرەکەمان قەت نەیدەگۆڕی.

پێش هەموو شتێ ناچارم باسی ئەوە بکەم کە بۆیە من ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە چونکە تەنها من و دوانی تر ماوین. کە هەردووکیان لێرە نین و ئەوانی تریش بە شتی سەیر سەیر تیاچوون و وەک شتێ خۆم بە قەرزاریان دەزانم گەر زیندوویان نەکەمەوە، من کاپتنی تیپ و گۆڵکەریان بووم بۆیە من زیاتر پێوویستم بە زیندوو کردنەوەیانە، بەڵام من لێرەدا باسی خۆم ناکەم، من شاعیر نیم، ئەوە شاعیرانن کە هەر باسی خۆیان دەکەن، من چیرۆک دەنووسم، چیرۆکنووسانیش باشتر باسی ئەوانی دی دەکەن وەک باسکردنی خۆیان.

ئێمە گۆڵچییەکمان هەبوو کە لە ژیانیدا یەک گۆڵی لێ کراوە ئەویش لەلای چەپەوە، ڕەنگبێ پێتان سەیر بێ کە بۆ من باسی چەپ و ڕاست دەکەم، بەڵام پەلە مەکەن ئەم کوڕە تەنها یەک چاوی هەبوو، ئەویش چاوی ڕاست بوو لەلای چەپییەوە هیچی نەدەبینی، کاسکێتێکی دەکردە سەری و خۆی بە بەختەوەرترین کەسی سەر ئەم ئەستێرەیە دەزانی، هەمیشە دەیووت: خوا بۆیە یەک چاوی داوەتێ تا تەنیا جوانییەکانی دونیا ببینم ، چاوی چەپ بۆبینینی ناشرینییەکانە کە من نیمە، گەر دوو چاوم هەبوونایە، هەردووکیانم بۆ بینینی جوانی دادەنا. باوکم دەیووت خوا بۆیە تەنیا چاوێکی داویتێ کورم، کوڕی تاقانەی یەکچاوم ! ئەوە حەقی لەمن کردۆتەوە، سزای خودا بۆ من ئەوە بوو تەنها کوڕێکم بداتێ یەک چاوی هەبێ. کە پرسیاری ئەوەشیان لێ دەکرد کە سزای چی و ئەم چی کردووە؟ دەیووت وازم لێ بێنن دڵم بە بەرێوە نەماوە. خوا دە کچی ناشرینی پێ دام کە بڕوا ناکەم کەس بێت بۆ داخوازییان، ئەم کوڕەشی دامێ کە ناچێتە عەقڵمەوە کەس کچی خۆی باتێ. یەک چاوە تا ئەوساش کەس نەبوو بینیبێتی کە گۆڵێکی بە پەنارتی لێ بکرێ، وەک پڵەنگێکی برسی چۆن پڕ بە نێچیرەکەیدا دەکات، ئەویش ئاوا خۆی بۆ تۆپەکە هەڵدەدا، هێندە بە عەشق و بە هێزەوە باوەشی بە تۆپەکەدا دەکرد کە تا لە ژیاندا بوو دەیەها تۆپی لە باوەشیدا تەقاندووە ، ئەو تۆپە وەک مینێک لە

ئامێزیدا دەتەقییەوەو بە قاقا پێدەکەنی و دەیووت ئەوە چی بوو، تۆپەکە بوو؟ تا ئەو ئێوارەیەش هاتە پێشەوە، ئەو ئێوارە ناشرینەی کە شۆفێرێکی ناشرینی لۆرییەکی ناشرین لە لای چەپییەوە شێلای و دە مەتر هەڵیدا، ئەو ڕۆژە هەر لە بەیانێکەیەوە بە پێکەنینەوە خەبەری بووەوە، ماچی ناوچەوانی هەر دە خوشکە گەورەکەی کرد، بە پێکەنینەوە نانی بەیانی خوارد، بە پێکەنینەوە نانی نیوەڕۆی خوارد، بۆ ئێوارەکەی لۆرییەکە لە لای چەپییەوە زەفەری پێ برد و شێلای. کە مەیتەکەیان بۆ باوکی بردەوە، باوکی وتی ـ من وتم ئەمە سزای خودا بوو بۆ من کەس بڕوای پێ نەکردم، منیش تووڕە بووم و هاوارم کرد بە سەریا، ئاخر تۆ هەر پێت نەووتین سزای چی؟

کوڕەکەم هەمیشە دەیووت کە هەندێ کەس هەن کە ڕوحی خۆیان بە شەیتان دەفرۆشن، بەڵام من چاوی چەپم پێ فرۆشتووە، لە قووڵایی دڵمەوە هەستم دەکرد کە مەبەستی من بوو، ڕاستی دەکرد، هەروا هەفتەیەک بوو تەمەنی، لە ناو بێشکەکەیدا بوو نووستبوو، لە پڕ گریانێکی سەیری لێ بەرز بووەوە ، کە دایکی چووبوو سەیری بکات، بینیبووی سەفتەیەک پارەی زۆر پێچراوە لە نامەیەک لە چاڵی چاوی چەپیدا بوو، نامەکە تا ئەم ساڵانەی دوایش هەر مابوو، من هەر نەمزانی چی نووسراوە و پێشانی سەدەها کەسم دا، کەس نەبوو بۆم بکاتە کوردی، ئەو پارەیەش هێندە زۆر بوو، تا دوو ساڵ بە تەواوی بەشی کردین و لە خۆشیدا هەر بیرمان چووەوە کە ئەو تەنها یەک چاوی هەیە.

# ئەمانی هێڵی بەرگری

چوار کەس لە هێڵی بەرگرێکەماندا بوون کە ڕۆژێ هەرچواریان لە جگەرخانەیەک یەکترییان بینی و یەکی چوارشیش جگەریان داواکرد ودوای نۆشینی دوا قومە ماستاو و پێش هەستانیان بڕیاریان دا کە لە شەڕی وڵاتدا لەگەڵ دراوسێکانیدا بەشداری نەکەن و سەفەر بکەن و نەگەڕێنەوە، لە کاتی پەڕینەوەیاندا لە سەر سنوور لەمبەری لای خۆمانەوە تەقەیان لێ دەکرێت و یەکی گوللەیەک بەر تەپڵی سەریان دەکەوێت ودەکەونە شوێنێکەوە کە لە هەموو شوێنێک دەچێ جێگا نەبێ، زەوییەکی شل و نەرم و تەڕ کە تاناوقەدیان نووقم دەبێ و هەرچواریان بە ڕیزی یەکەوە بە پێوە گیانیان دەردەچێ. ئەمە حیکایەتی ئەوچوار هاوڕێیەمانە کە لە کاتی هێنانەوەی مەیتەکانیاندا دوای چەند هەفتەیەک لە دەمی ئەو شۆفێرەمان بیست کە بە پیکابە قوڕاوێکەیەوە هەرچواریانی تا ناوقەد قوڕاوی هێنابووەوە و تەسلیمی مردووخانەی شار کردبوو، بەرپرسی مردووخانەکەش گوایە چەند شتێکی بۆ زیاد کردووەو بە دایک و باوکی مردووانی وتووە کە ئەمان گاڵتەیان بە پۆلیسەکانی سەرسنوور کردووە و لەو بەرەوە کە وایانزانیوە تازە پەڕیونەتەوە و گرفت نەماوە، زمانیان دەرکێشاوە بە قاقا پێکەنیوون، ئەوانیش تەقەیان لێ کردوون . باوکی یەکێکیان هەڵیداوەتێ و بە بەرپرسەکەی وتووە گەر وا بوایە گوللەکان بەر ناوچەوانیان

دەکەوت، ئەویش وتبووی من چووزانم شۆفێرەکە وای ووت. من دوای چەند ڕۆژێک هاتمەوە بۆ لای بەرپرسی مردووخانەکە و بە پارەیەکی کەم ناونیشانی شۆفێرەکەم لێ وەرگرت و چووم دۆزیمەوە، لەو کاتەدا بوو کە دەیاننناشت، لە مزگەوتی دێیەکە چەند کەسێک بە سەرێوە دەگریان، سوودی نەبوو چوونە پێشەوە، هەرلەولای خۆمەوە منالێکی چاوبەفرمێسکم بینی کە حەپەساو سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد و نەیانهێشتبوو بچێتە پێشەوە. لە منداڵەکەم پرسی چی رووی داوە ؟ ئەویش بە لچ کردنەوە وتی خاڵە بەکریان کوشت ،، خاڵەبەکر . منیش وتم چۆن کوشتیان؟ ئەویش بە هەنیسکی گریانەوە وتی گوللەیەک لە دواوە بەر کەللەی سەری کەوتووە. وای وت و رای کردەوە بۆ ماڵەوە.

## سێ کەسی هێڵی ناوەڕاست

تیپی ئێمە ئەم هێڵە دەیبرد بە ڕێوە، هەرچەندە من بووم زۆربەی زۆری گۆڵەکانم دەکرد، بەڵام ئەم هێڵە نەبووایە من هیچ. دووکەس لای ڕاست و لای چەپ هێندە خێرا بوون بە لای ڕاستمان دەووت میک و بە لای چەپیش تەیارە. بەڵام ئەوەی ناوەڕاست ئازاد چکۆل خۆی بوو ئەندازیاری بردنەوە، خۆی بوو پاشای پاسی جوان و وەزیری حۆل کردن و لێسەنن. ئەم تەیارە و میکە ڕۆژێک ڕێیان دەکەوێتە باغەکانی نزیک تەوێڵە، یەکی نامەیەک و برێ

پارەیان پێیە بۆ دوو براکەیان کە لەبەرەی شۆڕش بوون، لەو کاتەدا دوو فڕۆکەی جەنگی ئەو ناوە بۆمباران دەکەن، هەردووکیان بە گوللەی فڕۆکەکان دەپێکرێن. ئازادە چکۆلیش تاقە کەسێک بوو لە ناوماندا کە بۆ خۆشی جارو بار یاری دەکرد، ڕۆژێ لە یاریگاکەدا دوای دوو سەعات لە ڕاهێنانی ڕۆژانەی بە سەر تۆپەکەی بەردەمیدا لە ناوەڕاستی یاریگاکەدا دەکەوێت و ئیتر هەڵناستێتەوە. .

## هێڵی هێرشبەران

ئێمەی هێڵی پێشەوە ماوین ، بەڵام چ مانێک ! ئەوەی لای ڕاستمان ناونابوو خۆپێشاندان، ئەوەندە قسە و هاواری دەکرد هەرنەبێتەوە، لەگەڵ هەموو ڕاکردنێک و پاسێک و لێسەندنێک و هەناسەیەک و جوڵەیەک و تەسکینێک و گۆڵێکدا هەمیشە هاواری دەکرد و هوتافی دەکێشا و جنێوی دەدا، خێرا ڕاکە ترۆزی، لەولاوە هات، سەردانەوێنە، گوونی بگرە، ئەو پاسە دەڵێی چلوورەی ئەرخەوانە، کەچەڵی لامل سووتاو، بژی تیپ، بمرێ لایەن، بەشەرەفم پەنارتی بوو، ئەم جارە پاسم نەدەیتێ چەک دەکەمە شانم، خوشکی حەکەمتان بینیووە، ئەم کوڕە لە ژیانیدا یەک گۆڵ چییە نەیکردووە، بەڵام جوانترین یاری دەکرد، هەمیشە دەیووت من تاقانەم لە دونیای تۆپتۆپێندا ، یەکێکم لە سەر ئەم زەوییە بۆ بدۆزەرەوە کە لە هێڵی پێشەوە بێ و وەک من لە ژیانیدا گۆڵی نەکردبێ،

دەیووت من هەمیشە لە خەونەکانمدا گۆڵ دەکەم، تیمەکەی لە خەونەکانمدا. برادەرانیش گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانووت، تووخوا ئەم شەو لە خەوتا دوو گۆڵ بکە با بۆ یارییەکەی سبەینێ بە دوو - سفرەوە دەست پێ بکەین. ئەم کورە ڕۆژێک بڕیاری دا و چووە دەرەوەی وڵات لە ماوەی دوو سێ ساڵدا ئەمەندە ئەم وڵات و ئەو وڵاتی کرد کە ئێستا کەس نازانێ لە کوێیە، تەنانەت دایکە پیرەکەشی هەمیشە دەڵێ تووخوا ئەو کوڕەم بۆ بدۆزنەوە، هەندێ جار کە یەکێ بە سەریان دێتەوە دایکی پیر نامەیەک دەبات و دەڵێ ئەم نامەیەم بەرە بۆ ئەو جگەرگۆشەیەم، کە هەموو شەوێ خەوی پێوەدەبینم و زۆری بیردەکەم. ئاخر دایە گیان، لە کوێیە؟ لە چ وڵاتێکە؟ کوڕم نازانم هەموو کەس دەیناسێ، تا ئێستا سەدەها نامەی نووسیوە بە بێ ئەوەی وەڵامێکی پێ بگاتەوە .
ئەوەی لای چەپیش هەر دوای نەمانی گۆڵچییەکەمان وازی لە فوتبۆڵێن هێناو خوی دایە شانۆ، لە سەرەتای نەوەدەکاندا، کە لە تەلەفزیۆنەوە کارتون بە کوردی پەیدا بوو، لە فیلمێکی منالاَندا بە دەنگ دوبلاژی کەرێکی بەرکەوت، یەکێک بوو لەو کەرە خۆشەویستانەی کە هەموو منداڵانی شاری ئێواران خەنی دەکرد، ئیدی هەر بە کەرە کەرە بانگیان دەکرد، بۆ گەورەکان نازانم، بەڵام منداڵان لەبەر خۆشەویستی وایان پێ دەگووت، هەر شەش ساڵ بەرگەی گرت، شێت بوو، دایە شاخەکانی ئەزمەڕ، دەڵێن هەندێ جاڕ بە سواری کەرێکەوە لەملاولا دەیبینن، تۆپێکی فشی لە کەرەکەی بەستووەو سڵاوێک دەکات و دەڕوات، من

ماوەیەک هێنامە لای خۆم، بەڵام بێ سوود بوو، زوو زوو ون دەبوو. لەلای دایک و باوکیشی خۆی ناگرێ، بەڵام هەچ کاتێ بمەوێ دەتوانم بیدۆزمەوە،

ئەمە بەسەرهاتی تیپەکەمان بوو ، بەسەرهاتێک کە چارەنووسی من بوو گێرانەوەی، چارەنووسی من بوو زیندووکردنەوەی یەکە بە یەکەی ئەندامانی، ئەندامانێک لە شوێنێ، لە شوێنەکانی یادەوەریمدا هەروەکو جاران کۆدەبینەوە و یاری دەکەین وپڕین لە ژیان، ئەگەر منیش لە پێشبڕکێکەدا بردمەوە ، ئەوا بە پارەکەی دوو کاری زۆر گرنگ دەکەم، یەکەمیان هێنانەوەی کەرەگیانە بۆ شار و بردنی بۆ لای دوکتۆرێکی دەروونی بۆ ئەوەی چاک بێتەوە، تازە دوکتۆرێکی زۆر باش لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتۆتەوە، هەر چەند زۆر گرانە بەڵام گەرەنتی چاک بوونەوەی نەخۆشەکان دەدا ئینجا پارە وەردەگرێت، دەڵێن ئەم دوکتۆرە نەک کەر بەڵکو دیناسۆریش چاک دەکاتەوە، بۆیە وێنەی دیناسۆری لە سەر عیادەکەی دروست کردووە.

بە بەشێکی تری پارەکە، دەمەوێ بچم بۆ دەرەوەی وڵات و خۆپێشاندان بدۆزمەوەو بیهێنمەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی، کە کاتێکی کەمی ماوە و هەمیشە کە من دەبینێ ماچم دەکات و دەڵێ بۆنی ئەوت لێ دێ، ڕەنگی ئەوت گرتووە، قەت ناوی ناهێنێ و هەمیشە دەڵێ ئەو، هەرچەندە دۆزینەوەی ئەو ئاسان نییە، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا ڕاهێنەرەکەمان کە هەردوای نەمانی گۆڵچێکەمان ئەویش وازی لە ڕاهێنەری هێنا نامەیەکی لە برادەرێکیەوە پێ دەگات، لە دەرەوەی وڵاتەوە، لاپەرەی رۆژنامەیەک کە بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێ، لە بەشی

وەرزشدا باسی پەناهەندەیەک دەکات کە لە تەمەنێکی کەمێک گەورەدا بۆ یاری، باشترین یاریزانی هێڵی پێشەوەیە و بە گوڕ و تینی هەمووان سەرسام دەکات، ئەم کوڕە لە پلەی چواری یانەکاندا یاری دەکات و تاقە کەسێکە کە لە پلەی چواردا بێ و پارە وەربگرێ، و تا ئێستاش لە ژیانیدا گۆڵی نەکردبێ. گەر ئەوە ئەو بێ دەچم دەیدۆزمەوەو دەیهێنمەوە، هەر دەبێ ئەو بێ، چونکە ڕۆژنامەنووسەکە لە دوا پرسیاریدا لێی پرسیووە، تا ئێستا لە ژیانتدا گۆڵت نەکردووە، ئەی تۆ کەی گۆڵ دەکەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ من تەنها لە خەونەکانمدا گۆڵ دەکەم، تەنها لە خەونەکانمدا.

تشرینی یەکەم 2006

ئەم چیرۆکە لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوکراوەتەوە ژمارە 74 ئەیلوولی 2007

# گوڵەکانی دۆزەخ

نا، جارێ هیچ پرسیارێکم لێ مەکەن. خوشک و برای چاک بن و پرسیارەکانتان هەڵبگرن بۆ دوایی، دوای کردنەوەی باوەڵی پڕ لە نامەکان، سندووقی بەیازە پچڕاو پچڕاوەکان ، بەسەرهاتە تێکەڵ و پێکەڵەکان، ئاشکراکردنی نهێنییە سەیرەکان ، چ لەسەر زەوی ، چ لە ئاسمان ، هەڵیگرن بۆ دوایی، دوای گێڕانەوەی هەموو ڕووداوەکان.

من ئێوەم بۆیە لەم باخچەیەدا کۆکردۆتەوە، لەم ماڵە گوڵەدا ، ئەم کۆشکەی هەر لە شووشە عەترێکی گەورە دەچێ بۆیە چوار مانگم بەسەر برد بۆ دۆزینەوەی هەمووتان بۆ ئەوەی پێتان ڕابگەیێنم ، کە هەر یەکە لە ئێوە ژوورێکی هەیە، ژوورێک لە پەڕەی گوڵ، ناوتان لە سەر دەرگاکان نووسراوە ، ئەو دەرگایانەی دەتانبەنە ژوورەکانی خۆتان، ئەو ژوورانەی کە پڕن لە باوەڵی زێڕ و جانتای زیو و سەفتە پارەی زۆر کە بێ غەم تا ناکۆتا بەشتان دەکات..

نا وا مەزانن ، بەستنەوەی ئەو چیرۆکە سەیر سەیرانە و ئەو ڕووداوانە بە یەکەوە ئاسان بوو. بوەستن و مەڵێن ئەم حیکایەتە ، حیکایەتی دروستکراوی خەیاڵی خۆیەتی و بە ئێمەی دەفرۆشێت . نا ئازیزان ! من ئیش کردنی تەواوم لە ناو ئەو نووسراوانەداو نوقم بوونی سیازدە مانگیم لە ناو ئەو نهێنی و وشە و خەیاڵانەدا.

سەرئەنجامەکەی ئەم کۆبوونەوەیەی ئێمەیە کە دەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم کە وەسیەتی گوڵەباخی باوکمانە هەر یەکە لە ئێمە ژوورێکی هەبێ و بەشێ لەم کۆشکەی باوکمانی بەر بکەوێت، ئەم کۆشکەی کە خشت بە خشت و بلۆک بە بلۆکی بە دەستی ئەو هەڵچنراوە و گوڵ بە گوڵ و درەخت بە درەختی نەمامی دەستی ئەو بووە.

ئەوا ئیتر ئێستا دوای سیازدە مانگ بە سەر وەسیەتەکەی ئەودا کاتێتی منیش دەست بکەم بە گێڕانەوە، چونکە وەسیەتی خۆی بوو کە دەبێ سیازدە مانگ تێ پەڕێ.

براو خوشکان! دەزانم پەلەتانەو حەز دەکەن بزانن کە گوڵەباخ چ وەسیەتێکی تری کردووە؟ وا مەزانن بە زانینی ئەوە ئیتر هەموو شتێ تەواو. ئەو وەسیەتە تەنیا دەرگایەکە بۆ چوونە ژوورەوەی دونیایەک کە من دەمەوێ بیگێڕمەوە و نەترسم ، بیگێڕمەوە و بۆ ئەوەش بەشێکی زۆر خەیاڵ و کەمێک جورئەتم گەرەکە.

ئازیزان ! با لەوێوە دەست پێ بکەین کە گوڵە باخی باوکمان هەمیشە بڕوای بەوە بوو کە ژیان چیرۆکێکە نەنووسرێتەوە لە یاد دەکرێت. بۆیە نووسراوەی زۆری بۆ جێهێشتین بۆ ئەوەی نەوەکو لە ناوەختدا هەڵەی وا بکەین و ژیان لە بیر بکەین . منیش هاتم خوێندمەوە و بە هەمان ئەندازەی بڕوای ئەو باوەڕم وایە کە ژیان چیرۆکێکە دوای نووسینەوەی نەخوێندرێتەوە لە یاد دەکرێ . بۆیە منیش هاتم و کاتێکی زۆر لە ناو ئەو لاپەڕانەدا نوقم بووم کە بۆی جێهێشتین. وەک وتم وەسیەتەکەی ئەو بەخشینی ژوورێکی پڕ خشڵ و پارەیە بە هەریەکەمان، بەڵام لە پشت ئەو وەسیەتەوە ، من گەڕانێکی زۆر گەڕام و لە ناو نووسراوەکاندا چەند دەرگایەکم کردەوە کە بە گێرانەوەی دەمەوێت لە گەڵ خۆمدا بتانبەم،

ئەوەی من خوێندمەوە و دەمەوێ بیگێڕمەوە، دێڕێکی لەملا بوو، دێڕەکەی تری لەولا، نیوە نامەیەک لە باوەڵی سەر تاقەکە بوو، لەتە نامەیەکی تریش لە سندووقەکانی ژێر سیسەمی نووستنەکەی.چیرۆکەکەی من لە ناو ئەو نامە و نووسراوانەوە هاتووە کە سیازدە مانگم ویست بۆئەوەی بە یەکیانەوە بیەستمەوە، ئەو نامە و نووسراوانەی کەس نازانێ بۆ کێ نووسراون، چونکە ناوی کەسی پێوە نییە ، بەڵام من دەمزانی بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ ئێمەیە، یان بۆ ئەو کەسەیە کە دەیەوێ نهێنییەکان ئاشکرا بکات، وەک دەبینن چارەنووسی من بوو بەو ئەرکە هەستم. ڕەنگە لە لاتان سەیر بێ بۆچی من ئەو هەستەم هەیە کە ئەو نامانە بۆ ئێمە بن ؟ من لە چاوەکانی گوڵەباخدا زۆر

شتم خوێندەوە، لەم دوو سێ ساڵەی دواییەدا کە بە تەواوەتی لاڵ و گۆج بووبوو نەیدەتوانی قسە بکات و بە چاو دەدوا، منیش کەمێک لێی تێ دەگەیشتم بەڵام زۆر نا.

ئای خوشک و برایان ! گەر دەزانن چاو هیچی لە دەم کەمتر نییە بۆ قسە کردن، ئەوەی مرۆڤ نەتوانێ بە دەم بیڵێت ، بە وشە بینووسێت، هەمووی بە چاو دەتوانێ بدرکێنێ . بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێ بە چاو قسە بکات ، من کەمێک خۆم فێر کرد بەڵام ئەو توانا و بەهرەیەم نەبوو هەمووی تێ بگەم.نەمدەتوانی زمانی چاو بە هەموو جوانییەکانییەوە ببینم، ئێوە کەستان لێرە نەبوون کە گوڵە باخ بە چاو دەیووست داوای لێ بووردنمان لێ بکات، داوای لێ بووردنی ئەوەی کە بە جێمانهێڵێ و زۆرشتی پێ نەوتووین ، حەزی دەکرد کۆمانبکاتەوە ، لە شوێنێ نووسیبووی (گەر نەتوانم کۆیانبکەمەوە ، ئەوا بە مەرگی خۆم ئەو کارە دەکەم ..بە مەرگی خۆم).

ئەو دەیویست بۆ کۆبوونەوەی ئێمە تا قووڵایی مەرگیش بهاتایە، بۆیە منیش کاتێکی زۆرم تەرخان کرد بۆ کۆکردنەوەتان تا ئەو ئاواتەی بهێنمە دی. بەڵام ویستی ئەو بۆ کۆکردنەوەی ئێمە تەنها هەر ئەوە نەبوو کە بۆ دوا جار بمانبینێ و بڵێ خواحافیز کچ و کوڕەکانم بە دوعا ! ئاگاتان لە یەک بێ ! نا ، بەڵکو دەیویست نهێنییەکتان پێ بڵێ کە تەنها من و ئەو دەیزانین و بە چاو داوای لە من دەکرد کە بەو ئەرکە هەستم و پێی ناخۆش بوو کە کارێکی وا سەختی خستۆتە سەر شانم . نهێنییەک کە تەمەنی بەقەدەر تەمەنی هەمووتانەو

نەیدەویست بە کەسی بڵێ تا ئێمە کەسمان یەکتری ون نەکەین و لە یەکتری جیا نەبینەوە، دا خوشکان دانیشن و حەز ناکەم ئەو فرمێسکانە لە چاوتاندا ببینم . براکان ! نامەوێ ئەو هەموو غەمە لە سەر سیماتان بەدی بکەم. دانیشن و گوێ لەم برایەتان بگرن کە تەنها سیازدە ساڵ لە ئێوە گەورەترم و ئاگایەکی تەواوم لە منداڵێتی هەمووتان هەیە.

دەڵێی دوێنێیە . ئاخ، دەڵێی دوێنێیە کە لە ماوەی چەند مانگێکدا گوڵە باخی باوک هەمووتانی هێنایە ئەم کۆشکەوە، دەزانم کەستان پرسیارتان نەکردووەو دەڵێی سیحرتان لێ کراوە و بە قووڵی نەتانپرسیووە کوا دایکمان؟ چونکە گوڵەباخی باوک جێگای هەموو کەسێکی بۆ ئێمە گرتەوە، ئێمە خێزانێکی تاقانە بووین لە سەر ئەم زەوییە کە وا زۆر بین و یەک خزمیش چییە نەمانبێ.ئەمەش لە لای کەستان ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبووە بە پرسیارێ. کە شووشتان کرد و ژنتان هێنا ، کە لەم کۆشکە ڕۆشتن و گوێزرانەوە و گواستانەوە، چ پیاوەکانتان ، چ ژنەکانتان نەیانپرسی..ئەرێ ژنی ئازیز بۆ خاڵۆزایەکت نایەت بۆ ماڵمان ؟ ئەرێ پیاوەکە کوا ئامۆزایەکت ؟ لە ڕاستیدا بێ دایک و بێ خزمی ئێمەش ، بەوەش کە ئێمە کەسمان لە یەکتر ناچین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە کەسمان خوشک و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین و هەمووومان بە منیشەوە هەڵگیراوینەتەوە و گوڵە باخ لە ئامێزی گرتین و بە خێوی کردین.

ئێمە ئەو ڕەش و ڕووتە بێ ماڵ و بێ حاڵانە بووین کە گوڵە باخ لەم لاو ئەو لا کۆی کردینەوە و کردینی بە کوڕ و کچە ئازیزەکانی خۆی . ئێمە ئەو کۆرپانە بووین کە لە ناوچە و هەوارە جیاـ جیاکانەوە هاتین و سێبەری ئەو کردینی بەم خوشک و برایانەی ئێستا.

دا ئازیزان ، با ئێمەش خوشک و برای بایۆلۆژی یەکتر نەبین ، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ئێمە کەسی ڕاستەقینەی یەکترین. دەزانم ئێمە فڕێ دراین و دایک و باوکە دڵڕەقەکان لە بارێکی دا هەمواردا ئێمەیان نەویست . جا لە بەر هەچ هۆیەک بووبێ ، هەژاری .. نەبوونی..دڵڕەقی..زۆڵێتی..نەخۆشی..بێ ویژدانی..ئێمە لە بەر هەچ هۆیەک فڕێ درابین تازە مەحاڵە بەم تەمەنەشەوە بریندار نەبین. مرۆڤ کە یەک جار فڕێ درا ئیتر بۆ هەتا هەتایە فڕێ دراوە ، هەرچەندە گوڵە باخ هەڵیگرتینەوە و جێگای هەم دایک و هەم باوک و خزمانی بۆ گرتینەوە ، بەڵام شتێ لە ڕووحماندا هەمیشە داتەواو دەمێنێتەوە. شوێنێ لە یادەوەریماندا هەمیشە شوێنێکی سووتاوە، دەڵێی بەر هێرشی فڕۆکەی جەنگی کەوتووە. پرسیارێک کە قورسایی هیچی لە سەنگی مەرگ کەمتر نییە و قەت لێمان نابێتەوە ئەوەیە بۆ فڕێ دراین؟ من دە ساڵان بووم کە گوڵە باخ بۆی گێڕامەوە، سیازدە ساڵیش بووم کە ئاگام لە هێنانی هەمووتانە بۆ ئەم کۆشکە، لە دوای هاتنی یەکە بە یەکەتان ئێمە بە چاو ئەو پەیمانەمان لە گەڵ یەکدا تازە دەکردەوە کە تا مەرگی خۆی قسە نەکەین و ڕاستیتان پێ نەڵێین نەک پشت لە یەکتر بکەن .ئەو بڕوای وا بوو کە ئێمە فڕێ دراین تازە ڕاستی هیچ

خزمەتێکمان ناکات و هیچ باوەشێک و خێزانێکی ڕاستەقینەی خۆمان بۆ نایەنێتەوە. هەندێ جاریش پەشیمان دەبووەوە و دەیووت ئەە خۆزیا هەر بە منداڵی پێم دەووتن، کارێکی وا بە گەورەیی ڕەنگە زۆر خراپتر بکەوێتەوە، ڕاستە منداڵ پێویستی بە دایک و باوکە، بەڵام مرۆڤ بە گەورەیی زیاتر پێویستی پێیەتی، هەر چەندە گەورەکان بێ باکانە خۆیان پێشان دەدەن بەڵام لە چاویاندا قەت ئەو ناتەواوییەیان پێ ناشاردرێتەوە .من ئەوسا بە تەواوی نەمدەزانی بۆ دەبێ گوڵە باخی باوکمان سیازدە منداڵ هەڵبگرێتەوە ؟ ئەم ژمارە سەیرە چییە ؟ ئەم ژمارەیەی بە ژمارەیەکی شووم سەیر دەکرێ بۆ دەبێ ببێتە نیشانەیەکی بەختیاری بە ناوچەوانی خێزانی ئێمەوە . من دوای گەڕانێکی زۆرم بە دوای ئەو پرسیارەدا ،لە ناو نووسراوەکانی گوڵە باخدا لە شوێنێکدا دۆزیمەوە، یان باشتر بڵێم هەست دەکەم دۆزیومەتەوەو بەو شێوەیە لێی تێ گەیشتم کە بۆتانی دەگێڕمەوە، ئێوەش ئازادن و ئەوەش سندووق و باوەڵی پڕ لە نووسراو و نامەکان.

بچن بیخوێننەوەو گەر بە جۆرێکی تر لێی تێ گەیشتن سوپاستان دەکەم و وەرن بۆمان بگێڕنەوە، من بڕوای تەواوم بەوەیە کە ئێمە سیازدە کەسین گەر بمانەوێ هەمان بەسەرهات بگێڕینەوە، ئەوا دێین و بە سیازدە شێوەی زۆر جیاواز دوور لە شێوەی یەک دەیگێڕینەوە. بەڵام هەرچۆنێک بیگێڕینەوە ناتوانین ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئێمە هەر هەموومان هەڵگیراوینەتەوەو گوڵە باخ کردینی بە منداڵەکانی خۆی و ئێمە ئێستا ئیتر کەس ناتوانێ ئەو مافەمان

لێ بسەنێتەوە کە لە سەر خۆشەویستی خوشک و برایانە بۆ یەکتر بەردەوام بین، کێش لە ئێوە بە دوای دایک و باوکی خۆیدا دەگەڕێ ، سەربەست بێ و بۆ ئەوەش کارم بۆ ئاسان کردوون و لە دواییدا بۆتان باس دەکەم. هەرچی منیشم ، ئەوا بەتەما نیم بگەڕێم بە شوێن کەسدا، چونکە تازە من هەچ کەسێ بدۆزمەوە جێگای ون بوونی گوڵە باخم بۆ پڕ ناکاتەوە. هەچ کەسێ بدۆزمەوە دەبێ ئەو تەمەنەی کە ماومە بکەومە دانگایی کردنی ئەوەی کە بۆچی منی فڕێ دا و بڕواش ناکەم ئەو تەمەنەی کە ماومە بەشی دانگایی کردن و ڕق و تۆڵە بکات و قەتیش ناگەمە وەڵامێک کە کۆرپەیەکی تەنیاو برسی، کەوتوو وەک پەڵاس لە بن پەنا دیوارێک لە ڕوحی خۆیدا هەڵیدەگرێ و ناتوانێ بیدرکێنێ و فڕێی بداتە دەرەوەی خۆی بە هاوار و گریان و لچ کردنێک نەبێت کە وەک ئاوازێکی نەشاز و بریندار دەگاتە گوێیەکی کەڕ و ئیدی بۆ ئەبەد خامۆش دەبێ. بۆیە من بە دوای ئاگری خامۆشدا ناگەڕێم کە وەهمی ڕووناکی و دووکەڵەکەی لە هەوای ئاسمانێشدا نەماوە.

دا تووخوا جارێ پرسیار مەکەن ! ئەو خۆشییەم لێ تێک مەدەن لە سەیرکردنتان کە لە دوای ئەو هەموو زویربوون و تووڕە بوونەتان لە یەکتر وا هاتنەوە ئێرە و پێکەوە کۆبوونەوە . ئاگاتان لەوەیە چۆن شتێ هەیە پێکەوە دەمانبەستێتەوە، تەمەنای گوڵە باخ بوو هەمیشە پێکەوە بووینایە، بەڵام ئیدی وا کەوتەوە و خۆی وتەنی بە مەرگی خۆی ئەم کۆبوونەوەیەی ساز کرد . ئێوە چی ناو دەنێن ناوی بنێن، بەڵام من ناوی دەنێم گرێ کوێرەی خۆشەویستی.

ئاگاتان لێ یە هەر چەندە دوای ئەوەش کە زانیوتانە خوشک و برای ڕاستەقینەی یەکتر نین کەس لە شوێنی خۆی جوڵە ناکات تا بڕوات . ئەوە ئەوە دەگەێنێ کە دەتانەوێ لە سەر خۆشەویستی بۆ یەکتر بەردەوام بن و منیش لە سەر گێڕانەوە بەردەوام.

## حیکایەتی دووەم

لێرەوە من ئیتر پێویستم بە گێڕانەوەی دوو حیکایەت دەبێ ، بە بێ ئەو حیکایەتانە گێڕانەوەکەم نوقسان دەردەچێ ، حیکایەتی دووەمیش پێش یەکەم دەخەم و بۆ ئەوەش هیوادارم لێم ببوورن و ئەم دوو حیکایەتەش شوێنێکی زۆریان لە نووسراوەکانی گوڵە باخدا داگیر کردووە.
منیش وەکو ئێوە پڕ بووم لە پرسیار ، لێوان لێو بووم لە تێنەگەیشتن هەر کاتێ ئەم گوڵانەم دەبینی کە وا لە دەوروپشتمانن. هەر لەو کاتەوە کە هاتمە ئەم کۆشکەوە هەستم دەکرد کە ئەم گوڵانە خەڵکی ئێرە نین. ئەو کەسانەش کە دەڵێن تۆوی ئەم گۆڵانەی لە ئەشکەوتێکدا دۆزیوەتەوە کە هی سەردەمانێکی هێندە کۆنن کە ئاو و هەوای سەر زەوی جۆرێکی تر بووە ڕاستی تیا نییە ئەو گوڵانەی کە هەندێ جار ئاگر دەکەنەوە و دەستت دەسووتێنن.منیش وەکو ئێوە پێم سەیر بوو چۆن ئەو گوڵە باخانە لە گوڵدانێکدا بێ ئاو هەشت نۆ مانگ سیس نابن. ئەو گوڵە خەشخاشانە وەک دەنکە شقارتە ئاگر دەکەنەوە

، بۆنی ئەو گوڵە قەیفەیە لە شەراب زیاتر مەستت دەکات. ئەو شەستپەڕە بەرە ژوورێکی تاریکەوە دەڵێی چراخانە دادەگیرسێ، من هەمیشە بە منداڵی دەترسام کە ئەو سارەدۆنیایانە بە ئێواران درەنگ هاواریان دەکرد و گوڵەباخی باوکمان ئارامی دەکردەمەوە و دەیوت هیچ نییە مەترسە ئەوە بە زمانی خۆیان گۆرانی دەڵێن..ئەوان وان. پێتان سەیر نەبێ کە بە فرۆشتنی ئەم گوڵانە وا باوکمان دەوڵەمەند بوو توانی ئەم کۆشکەمان بۆ دروست بکات و پادشایانە بەخێومان بکات .چۆن لە خۆتان نەپرسی بۆ خەڵک لە شوێنی دوورەوە دێن بۆ ئێرە تەنها بۆ ئەوەی چاوپشیلەیەک بکڕن ، ئەی نەتاندەبینی کە گوڵە چاوپشیلەکان وەک پەپوولە دەفڕین. چۆن کچە پاشایەک بە فڕۆکەکەیەوە چەند گوڵە مێشێکی بردەوە بۆ یەکێ لە وڵاتەساردەکانی سکەندەناڤیا، چەند گوڵە مێشێک کە دوای هەفتەیەک وەک کۆتر گەڕانەوە بۆ هەمان ئەو زەوییەی لێی هەڵکەندرابوون. ئای گەر دەزانن پەڕی ئەو ڕەشە ڕێحانانە بوون کە چاوی چوارمنداڵەکەیان چاک کردەوە و لە سەر تەلەفیزێۆن پیرێژنەکە وتی کە ئەو چاکی کردوونەتەوە و بۆ ئەوەش خەڵاتی وەرگرت.ئەوە گوڵەکانی لالۆعەباسە کە بە کاری دەهێنن بۆ چاک کردنی نەزۆکی . ئێوە سەرێک بەرز بکەنەوە و ببینن چۆن ئەو پەپوولە و هەنگ و خاڵخاڵۆکانە ، سەیری ئەو شەوگەرد و زیکزیکەر و قومری و بولبولانە چۆن لە دوورەوە سەیری ئەو گوڵانە دەکەن و جورئەت ناکەن لێیان نزیک بکەونەوە. ئەو گوڵانەی کە گوڵەباخ پێی دەووتن

گوڵەکانی دۆزەخ و ئێمەش وامان دەزانی گاڵتە دەکات و لە پێکەنینا دەتریقاینەوە.

بەڵام نا ، حیکایەتەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکەم  کە کاتێکی زۆری ویست تا ئەو بەشە پچڕ _ پچڕانە لە نامەکانەوە پێکەوە بیەستمەوە . لە نووسراوەکانیدا گوڵەباخ باسی کوڕێکی نەناس دەکات کە پێی نابوو بە کرمێکدا کە نەدەبوایە پێی پیا بنێ.

لە ئاست ئەو ناشرینییەی کە بەرامبەر ئەو کرمە کردبووی کە ڕوح لە بەر بوو، خۆی دەکوژێ .دوای ماوەیەک لە سەر پردی (چینڤەنت) خۆی دەبینێتەوە، ئەو پردەی بە پەڕینەوەی بە سەریدا دەگەیتە بەهەشت . مرۆڤیش تەنها یەک جار پێی لە سەر دادەنێ ئەم هەموو تەمەنی لە سەر زەوی تاوانێک چییە نەیکردووە، بەڵام کەس نازانێت پردەکە بۆچی تەسک دەبێتەوە،  ئەم پردە تەنها بۆ ئەو کەسانە باریک دەبێتەوە کە ڕۆحیان پڕە لە هەڵە و تاوان ، پڕە لە ناشرینی ، کەچی ئەم کەسە نەناسە کە لە عەشقێکی لە ناکام دەگەڕێتەوە و ڕۆحێکی پەپوولەیی هەیە پردەکە باریک دەبێتەوە بۆی. کەچی ئەم کوڕە بە ڕێگای خۆیدا بەردەوام دەبێت و مل دەنێ بۆ ئەوەی بگاتە بەهەشت.

بەڵام پردەکە بێڕەحمانە تەسکتر دەبێتەوە تا وەک دەمەگوێزانی لێ دێت. ئەم هەر دەڕوات و خۆشی بۆ لار ناکاتەوە.

برا و خوشکە ئازیزەکانم ! حیکایەتەکە دەگاتە ئەو شوێنەی کە ئەم مرۆڤە بە قاچ و قوولی قاش ـ قاش بووەوە دەگاتە بەر دەرگای بەهەشت و سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی دەکات ئینجا دەبینێ چۆن پردەکە وا تەسک بووەتەوە و ئەم پێی نەزانیووە.

هەست بە ئازارێک دەکات لە بنی پێیدا، بەڵام نازانێت چییە ؟ لەوێدا ئیستێک دەکات ، پێش ئەوەی دەرگای بەهەشت بکاتەوە دیسانەوە بیر دەکاتەوە . ئەم چی کردووە؟

تەنها لە بێیاگاییدا بوو کە پێی نا بەو کرمەدا، ئای خوایە ئەم چیتری کردووە؟ بۆ ئەم پردە وا لێی تووڕەیە ؟ فریشتەکان لە سەرسامیدا دەقیژێنن، پێیان سەیرە کە پردەکە وا تەسک بێتەوە کەس ناتوانێ بپەڕێتەوە ، ئەم لەگەڵ ئەوەی کرمی پان کردۆتەوە ، خۆی کوشتووە هەر دەبێ مەحبووبی خوا بێ دوا جار ماوەیەکی تریش لە سەر پردەکە دەمێنێتەوە، بیر دەکاتەوە، بیر دەکاتەوەو دڵۆپ دڵۆپ خوێن لە قاچەکانییەوە دەتکێ.

لە شوێنێکدا نوسیبووی (بیر کردنەوە و خوێن لێهاتن یەک شتە) ئیدی لەوێدا پاش ئەوەی چاوانی هەڵدەگلۆفێ و سەیر دەکات، سەرێکی پەشیمانی بادەداو خۆی هەڵدەداتە خوارەوە بۆ دۆزەخ، بەڵام ئەم دەیتوانی بچێتە بەهەشت و نەچوو، خۆی نەیووست، بۆیە پێش ئەوەی بکەوێتە ناو ئاگرەکەوە فریشتەکان دەستی دەگرنەوە و نازانن چی لێ بکەن. بۆ ماوەیەکی زۆر هەر بە ئاسمانەوە

دەمێنێتەوە وەک بەرێکی جیابووەوە لە هەسارێک لە دوورەوە هاتبێ و خۆی بە ( ناشوێن) دا هەڵواسیبێ و شۆڕکردبێتەوە.

ئای ئازیزان ! لیرەدا حیکایەتەکە زۆر بێڕەحمانە دەپچڕێ ، زۆر هەوڵم دا تەواوکردنەکەی بدۆزمەوە تا ئێستا نەمتوانیوە ، بەڵام هەموو ئەو شتانەی کە دوایی ڕوودەدەن وایان لە من کرد کە حیکایەتەکە بە شێوەیەک تەواو بکەم کە شایانی خۆی بێت، بەڵام پێش ئەوەی ئەوە بکەم دێم و حیکایەتی یەکەم دەگێڕمەوە، کە یارمەتییمان دەدات بۆ تێگەیشتنی سەرەتاکانی حیکایەتی دووەم.

## حیکایەتی یەکەم

بۆ ئەوەی لە گێڕانەوەمدا تووشی هەڵەیەکی گەورە نەبم، ئەوا پێویست بوو بگەڕێیمەوە بۆ سەرەتاکانی ئەم بەسەرهاتە . لە هەندێ نووسراوی سندووقێکی لای دار هەنجیرەکە باسی کوڕێکی عاشق دەکات کە دڵی بۆ کیژێک پارە پارەیە، ئەم کوڕێکی ئەکرۆباتە و ڕۆژی زیاتر لە پازدە سەعات خەریکی یاری جومناستیکە .هەموو ئەمەشی لە بەر خاتری کیژێکە کە دراوسێیانە و لە باڵکۆنەکەوە داوای لێ دەکات کە بێ بۆ لای. ئەمیش هەر هەوڵ دەدات پەتێک لە دارێکەوە ببەستێت و لاکەی تری هەڵدەدا بۆ ئەوەی کچەکە لە پەنجەرەی باڵکۆنەکەی خۆی ببەستێ ، بەڵام باوکی کچە هەموو جارێ هەوڵەکەی پووچ دەکاتەوە. هەر پەت دادەنێ و باوکی کچە پەتەکەی دەقرتێنێ و کوڕەش بە

سەردا بەردەبێتەوە، جارێ قاچی لە جێ دەچێ ، جارێ دەستی دەشکێ ، جارێ لووتی، سەری ، ئەژنۆی، هەموو جارێکیش کە بەردەبێتەوە دەبێتە جێگەی قاقای باوکی کچە و زەردەخەنەی شەرمنانەی یار، ئەمیش کە ئەو زەردەخەنەیە دەبینێ هەمیشە ڕێک و پێک هەڵدەستێتەوە وەک ئەوەی کە هەرهیچ ڕووی نەدابێ ، دێتە ماڵەوە و بیر لە هەوڵ و پیلانی تر دەکاتەوە، تا جارێکیان لە هەوڵێکی شێتانەدا بۆ ماوەی هەفتەیەکی تەواو دەزوویەکی زۆر باریک دەهێنێت و چەند جارێکی زۆر ، وەستایانە لە یەکتر دەپێچێ و پەتێکی زۆر سەیری لێ دروست دەکات کە بە مقەست و چەقۆ ناقرتێت، ئای قورت بە سەر باوکی کچە بۆ ئەمەیان چی دەکەیت ؟ دوای هەوڵێکی زۆر، باوک دەستەپاچە و غەمگین ، نازانێ چی بکات ، لە پڕ دەڕوات و بە فڕکانێ هەرچی دەرزی و سووژن و چەقۆ و گوێزانێک لە ماڵەکەیدا هەیە کۆیاندەکاتەوە و دەیانهێنێ و بە پەتەکەوە دەبەستێتەوە . کوڕ بە سەر دەزووەکەدا دەڕوات و شتی تیژ لە بنی قاچی دەچەقێ ، دەروات و خوێنی لە خوارەوە فیچقە دەکات، تا دەگاتە لای کچەکە بنی پێی بە تەواوی قاش قاش دەبێ ، بەڵام دەگات و لە بەر دەمی یاردا هەردوو دەستی دەکاتەوە و خۆی دەچەمێنێتەوە و دەڵێ ئێوارەت باش ئەی یار ! یاری نازدار . یاریش لە دڵەوە پەیمانی پێ دابوو هەر بگاتە لای ماچێکی بداتێ، لێی دەچێتە پێشەوەو کولمی دەداتێ ، کوڕەش یەکەم جارە ماچ بکا دەشڵەژێ و هاوسەنگی تێک دەچێ دەکەوێتە خوارەوە و ئیدی

لەوێدا لە بێ ئاگایدا کە قاچ دادەنێ ، پێ دەنێ بە کرمێکدا و جیق و فیقی دێنێتە دەرەوە.

## گەڕانەوە بۆ حیکایەتی دووەم

ئازیزان !  لێرەوە ئیتر من توانیم پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو حیکایەتەکەدا دروست بکەم و ئەو دوو کەسە پێکەوە گرێ بدەمەوە. ئێستا دەزانن باسی چی دەکەم ؟ کێ دەتوانێ بڵێ کە ئەو کوڕەی لە سەر پەتەکە کەوتە خوارەوە و قاچی نا بە کرمەکەدا  هەمان درێژکراوەی حیکایەتی ئەو کوڕە نییە کە خۆی دەکوژێ و لە سەر پردی چینڤەنت خۆی دەبینێتەوە . ئەو کوڕە ئەکرۆباتەی کە توانی لە سەر هەردوو پەتی باریک و پردی تەسک بپەڕێتەوە، کێ دەڵێ یەک کوڕ نییە. ئەم دوو کوڕەی لە دوو شوێنی جیاوازدا ، لە دوو کاتی جیاوازدا بە قاچ و قوولێکی برندارەوە دەڕۆن خوێن لە بنی قاچیانەوە دەتکێ و لە گەڵ ئەوەشدا دەگەنە جێ  هەمان کوڕ نین؟

بەڵام خوشک و برای چاک بن و بوەستن مەڵێن وا نییە . جارێ کەمێکی تر قسەم ماوە ، گەر پێویستان بە سەلماندنی ترە شتی تر هەیە و باسم نەکردووە، لە شوێنێکدا من نوسراوەیەکی ترم دۆزییەوەکە زۆر شتی لێ سڕڕابووەوە، کاتێکی زۆرم ویست تا شتیکی کەمم لێ هەڵکڕاند. لەوێدا باسی کوڕێک

دەکات کە لە لای من هەمان ئەو کوڕەیە کە لە حیکایەتی دووەمدا بە ئاسمانەوە مەلە دەکات و فریشتەکان نازانن چی لێ بکەن . لەوێدا پێیان دەڵێ کە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و پەشیمانە و کارەکانی تەواو نەبووە، بەڵام کەمێ تۆوی گوڵی دۆزەخم دەوێ لە پاداشتی ئەوەی کە بەهەشتم نەویست .لە نووسراوێکی تردا فریشتەیەک باسی سیازدە منداڵ دەکات، هەر چەندە ئەو نووسراوە زۆر شتی دیار نییە.

ئای ئازیزەکانم ! ئەی ئەو کەسانەی کە گوڵە باخ کریینی بە خوشک و برا! سەیرێکی دەوروپشتتان بکەن ، سەیرێکی ئەو گوڵانە ، ئەو گوڵە شەڕئەنگیزانە، کە هیچ لەگوڵی سەر ئەم زەمینە ناچن، گەر ئەمە حیکایەتی سەفەری باوکمان نەبێ ، ئەی ئەبێ هی کێ بێ ؟ ئازیزان ! ئێوە سەیری هەر سیازدەمان، سەیری گوڵەکان ، سەیری ئەو برینانەی کە لە ژێرپێی بابەوە قەت ساڕێژ نەبوون و بەو هەموو سەروەت و سامانەوە کە هەیبوو باشترین دوکتۆرەکانی دونیا تا مردنیش نەیانتوانی ئەو برینانەی ژێرپێی گوڵەباخ ساڕێژ بکەن و هیچ مەڵحەمێک نەیتوانی ئەو دێراوانەی قاچی چاکبکاتەوە.

کەسیش نەیدەزانی ئەو برینانەی لە کوێوە لێ هاتووە. وەک دەبینن دوو دونیا هێندە چڕ بە ناو یەکدا چوون کە زەحمەتە لەیەکتر جیابکرێنەوە، ئێوە کەستان لێرە نەبوون کە گوڵەباخ لەسەرەمەرگدا زۆر شتی دەویست بە چاوەکانی باس بکات، هەمیشە دێڕێکی دووبارە دەکردەوە، دەیویست من بە وردی بگەڕێم و

ئەو نووسراوانە بدۆزمەوە و بتوانم بە یەکترییەوە گرێ بدەمەوە، ئەو وای لێ هاتبوو نەیدەتوانی بڕوا.

نە دەیتوانی بنووسێ نە قسە بکات. تەنها چاوی مابوو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی خەمەکانی لەگەڵ مندا .دوایش کە دوکتۆرەکان لە ناچاریدا هەردوو قاچیان بڕیوە ، ئەم هەر بە تەواوی وەک گڵۆپێکی سفر کز بوو. من لە گەڕانێکی وورد وتاووتوێ کردنی هەموو لاپەڕەکان هێشتا نەگەیشتمە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دڵمیان خواردبوو. من لە نێوان دوو ئاگردا بووم، ئاگرێکی لە دەستدانی گوڵەباخ بوو ، ئاگرێکی تری دەست نەکەوتنی ئەو وەڵامانە بوو.من لە لایەک بە دوای ئەوەدا عەودالّ بووم کە بۆچی ئەو کوڕەی ناو حیکایەتەکان بە بەهەشت ڕازی نەبوو ؟ لە لایەکی ترەوە وێڵی ئەوە بووم کە بزانم بۆچی گوڵەباخ ئەو نووسراوانەی وا تێکەڵ و پێکەڵ نووسی بوون و ئەو ئەرکە سەختە چی بوو بە منی سپاردبوو. لە لایەک دەمویست بزانم بۆچی کوڕی ناو حیکایەتەکە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و پەشیمانە لە خۆکوشتن و دەیوت کە کاری ماوە و تەواوی نەکردووە ، لە لایەکی تر ئەو هەموو سەفەرانەی گوڵەباخ کردنی بۆ دۆزینەوەی کەسێک کە هەر نەمانزانی کێیە و بە دوای کێدا دەگەڕێ کە بوو بوو بە مەراقێکی گەورە لامان.بەڵام شتێ کە من بیرم لێ کردەوە ئەوەیە کە کوڕی ناو حیکایەتەکە دێتەوە و بە دوای یارەکەی خۆیدا دەگەڕێ کە لە مێژە لە باڵکۆنەکەیدا نەماوە، کەس نازانێ ماڵی یار بۆ

کوێ سەفەریان کردووە. خودایە یار لە کوێیە ؟ لە شوێنێکدا شتێکم خوێندەوە لە شیعر دەچوو ..

ئەی یار من تۆ نابینم  وەک نەبینینی تۆ بۆ فرمێسکەکانم، من لە بەر باراندا دەگریم ، بۆیە فرمێسکەکانم دیار نین ئەی تۆ بۆ دیار نیت یاری شیرینم ؟

دوا نووسراو کە من بینیم باسی یەکێک دەکات ، کە وێنەیەکی لە دوورەوە بینیووە، بۆیە توانی بە سەر گوێزاندا بڕوات ، ئەم ڕستەیە یەکسەر وای لە من کرد بییەستمەوە بە حیکایەتی دووەمەوە کە کوڕەکە دەپەڕێتەوە و وا دەزانێ یارەکەی لەو بەرەوە چاوەڕێی دەکات، کە دەشگاتە لای دەرگای بەهەشت بۆی دەردەکەوێ کە ئەوی لێ نییە. بۆیە خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە بۆ دۆزەخ.

ئای ئازیزان ! من هەرچەند دەکەم ، سەیر دەکەم بەستنەوەی ئەو نامە و نووسراو و حیکایەتانە بە یەکەوە هەتا بێن دریژ و دریژتر دەبنەوە و زیاتر لە ناو خۆیاندا نوقممان دەکەن، بۆیە من لێرەدا دەوەستم ، دەوەستم و بزانم ئێوە چ پرسیارێکتان هەیە من بتوانم وەڵامتان بدەمەوە ، من توانیم لە ناو نووسراوەکانەوە باسی باوکێک بکەم کە لەو باوکە کلاسیکییانە ناچێ کە خەڵکی هەیانە ، نا ئەمەیان باوکێکی ترە ، باوکێکە کە گەورەش بووین خزمەتی دەکردین و ڕۆژێک لە ڕۆژانیش ڕوی نەهات پەرداخێ ئاومان لێ داوابکات. بۆیە من نامەوێ بە شوێن کەسدا بگەڕێم ، وەک لە پێشدا وتیشم ئێوە خۆتان سەربەست بن و گەر دەگەڕێن بە دوای دایک و باوکی ڕاستەقینەی خۆتاندا ئەوا من لەو بارەوە کارم بۆ ئاسان کردوون و ئیدی لە

دەست خۆتاندا دەمێنێتەوە ، لە یەکێک لە نووسراوەکاندا باسی ئەوە دەکات کە درەختەکان ڕێنومایيتان دەکەن بۆ دۆزینەوەی سەرەتاکان . من هاتم لە لای درەختەکانەوە قوولْ قوولْ چاڵم هەڵکەند و سیازدە سندووقم دۆزییەوە، کە هەر سندووقی ناوی یەکێکمانی لەسەرە و لەوێدا باسی کات و شوێنی ڕووداوی هەڵگرتنەوەکەمان دەکات، تا گەر بمانەوی بتوانین بچینەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووین تا کەسێک بدۆزینەوە. من خۆم سندووقەکانتانم لە ژوورەکانتانا داناوە، پێتان خۆش بوو بیکەنەوە، گەر نا ئەوا بمدەنەوەو بۆ هەتا هەتایە دەیخەمەوە ژێر درەختەکان، من خۆم سندووقی خۆم نەکردۆتەوە و برواش ناکەم قەت بیکەمەوە، خۆتان بڕیار بدەن ئازیزان ، خۆتان بڕیار بدەن، رەنگە زۆر شت مابن و وەک دەبینن ئەم کۆشکە زۆر گەورەیە ، من بە تەنیا هەر ئەوەندەم توانی بپشکنم. گەر پێتان خۆش بوو ئێوەش وەرن و بگەڕێن لە گەڵمدا لەوانەیە زۆر نهێنی تریش بدۆزینەوە، چەندەها ژوور هەر فریای ئەوە کەوتووم بە سەر پێوە سەیرێکیان بکەم ، سەدەها دار ماون و نەچوومە بە لایاندا و نازانم لە ژێر ئەم زەوییەدا چی تری لێیە ؟ جاریَ من هەر ئەوەندەم بۆ کرا . بەڵام من ماندوو نیم و ئەو گەڕانەشم پیَ خۆشە ، ئیتر من تا ئێرە بەسە، ئازیزان ! ئەی برا و خوشکە نازدارەکانم ! من بێدەنگ دەبم و ئێوە قسە بکەن.

مارت.. ئەپریل

ستۆکهۆلم 2007

پێڕست


پێشەکی .............................................. 7

چاوپێکەوتن .............................................. 9

نووسینەوەی دڕک ...................................... 19

ئەو پیاوەی بوو بە بەرد ................................. 49

حوزنی میوانێک بە تەنیشت ژیاندا دەڕوات .......... 67

درەوشاندنەوەی مەحاڵ .................................. 77

گوڵەکانی دۆزەخ ........................................ 93

له بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

1ـ زێراب ـ کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم سوید 1991

2ـ چاوەڕوانی ـ ڕۆمان، چاپی یەکەم سوید 1992

3ـ بەیازی گوڵفرۆشێک ـ کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم سوید 1998

4ـ وێنەکان دووبارە دەبنەوە ـ کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم سلێمانی 2003

5ـ نووسینەوەی درک ـ کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم سلێمانی 2007

# Aram kakayfalah

## Att skriva om taggarnas liv

Noveller

2007

ISBN 978-91-628-7321-9